گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل

**ڕەوەند جعفر عثمان**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق.
rawand.j.othman@gmail.com

**د. توانا یحیی خضر مرجان**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق.
twana.khudhur@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٣
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Symbol, Metaphor Painting, Artist*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.21

**پوختە**

هێما میتافۆرەکان یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکان لە جیهانی هونەر، بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەرییە بەرچاوەکانی، بەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (هێما میاتۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل) لە ڕەهەندی فەلسەفی و مێژووی و هونەری هێما میتافۆرەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێهاتووە لە کێشەی توێژینەوە و گرینگی و ئامانج لە گەڵ دیارکردنی سنووری کاتی ١٩٧٨ بۆ ٢٠١٦ وە سنووری شوێنی پارێزگای هەولێر، وە سنووری بابەتی هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل دەگرێتەوە، دواتر پێناسەی چەمک و زاراوەکان هەر یەک لە هێما و میتافۆڕ لە زمان و فەلسەفە و کرداری، پاشان بەشی دووەم لە چوارچێوەی تیۆری بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری فەلسەفی کلاسیک و مۆدێرن و هاوچەرخ لە هێما و میتافۆر دەکۆڵێتەوە، دواتر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هێما میتافۆڕەکانی لە ڕێبازە هونەریەکان قوڵدەبێتەوە، لە کۆتایی هێما میتافۆڕەکان لە کارەکانی هونەرمەندانی هەولێردەخاتە بەر باس، لە بەشی سێهەم بریتیە لە میتۆدی توێژینەوەکە لەم بەشەدا توێژەر چوار لە تابلۆکانی هونەرمەند قەرەنی جەمیل شی دەکاتەوە لە ڕێگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(میتۆدی وەسفی شیکاری) بۆ ئاشکراکردنی ئەو مانا و پەیامانەی کە لە تابلۆکانی شاراوەن، لە بەشی چوارەم ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە دەخاتە ڕوو.

## ١- پێشەکی:

بە درێژایی مێژوو هونەر وەک زمانێکی بەهێز بۆ دەربڕینی هەست و بیرۆکە و ناسنامەکان کاری کردووە، لە نێوان ئەو ئامرازە زۆرانەی کە هونەرمەندان بەکاری دەهێنن، هێما میتافۆڕەکان بەهۆی قووڵی و ئاڵۆزییەکەیەوە ئامرازێکی سەرەکییە، هێما میتافۆرەکان تەنها توخمێک نین بۆ ڕازانەوە، چونکە میتافۆڕەکان ، بینراو بە نەبینراوەوە دەبەستنەوە، ڕێگە بە کارە هونەرییەکان دەدەن لە ئاستی دەروونی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆحیدا بدوێن.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (هێمای میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل) لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن هونەرمەندێکی کورد هێما میتافۆڕەکان بەکاردەهێنێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەردوو ئەزموونی کەسی و گشتی، تابلۆکانی قەرەنی جەمیل پڕن لە هێمای میتافۆڕ، دەست دەخاتە سەر بابەتەکانی شارستانیەت و یادەوەری، ناسنامە، بەرخۆدان و میراتی کولتووری، لەبری ئەوەی تەنها بابەتەکان وێنا بکە، کارە هونەریەکانی لە ڕێگەی هێماکانەوە دەدوێن و مانای چیندار پێشکەش دەکەن، کە بینەر بانگهێشتی لێکدانەوەی فکری دەکەن.

لە ڕووی مێژووییەوە هێما میتافۆڕەکان ڕۆڵێکی نێوەندگیریان لە هونەردا هەبووە، لە هونەری کلاسیکدا، بە تایبەت لە نەریتە یۆنانییە کۆنەکان و ڕینێسانسدا، هێماکان نوێنەرایەتی ئایدیالەکانی وەک هاوئاهەنگی و بەهای ڕەوشتی و بوونی خوداییان دەکرد، لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا هونەرمەندان هێماکانیان میتافۆڕکردووە بۆ دەربڕینی ئەزموونە هەستی و دراماتیکییەکانی وەک خۆشەویستی، مردن و یاخیبوون، لە هونەری مۆدێرندا، هێما مێتافۆرەکان پەرەیان سەند و بوونە ئامرازێک بۆ ڕەنگدانەوەی ناوەوە، وەک ڕەخنەی سیاسی و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەیلەسوفەکان لە سەرانسەری مێژوودا یارمەتیدەربوون لە تێگەیشتن لە میتافۆر، بۆ نموونە ئەفلاتون گومانی لە میتافۆرهەبوو، بە چەواشەکارانە دەیانبینی، بەڵام ئەرستۆ، میتافۆرِی بە نیشانەی بەهرەی سروشتی دەزانی بەهۆی توانای ئاشکراکردنی پەیوەندییە شاراوەکانەوە، لە سەردەمی مۆدێرنەدا بیرمەندانی وەک کانت و نیچە باسەکەیان قووڵتر کردەوە کانت میتافۆرِی بە خەیاڵی مرۆڤ بەستەوە، لە کاتێکدا نیچە پێی وابوو کە هەموو مەعریفە لە ناوەڕۆکی خۆیدا میتافۆرە لێکدانەوەیە نەک ڕەها. ئەمڕۆ بیرمەندانی هاوچەرخ و زانایانی نیشانەناسی زیاتر لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن کە چۆن میتافۆر تێگەیشتن و ناسنامە و مانا لە کۆمەڵگادا لە ئەستۆ دەگرن. کارە هونەریەکانی قەرەنی جەمیل لەگەڵ ئەم نەریتە درێژخایەن و پەرەسەندووەدا دەگونجێت، بەکارهێنانی هێما میتافۆرەکانی ئەو تەنها هەڵبژاردنێکی جوانیناسی نییە، میتۆدێکی داهێنەرانەیە بۆ پرسیارکردن لە واقیع، یان پسیارە لە خاک و شارستانیەت و یادەوەری کولتووری، لەگەڵ ئەوەشدا هێماکانی لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن هەندێکی کلتوورین یان کەسین، بەشێکی تری لۆکاڵی وگشتگیرن.

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە دەڵێت کە میتافۆر لە تابلۆکانی قەرەنی جەمیل ئامرازێکی بەهێزە، ڕێگەیەکی بە مەبەست و مانادارە بۆ گەیاندنی ڕاستییە کولتوورییە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی هونەری بینراوەوە.

## ٢- چوار چێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١.٢- کێشەی توێژینەوە:

بە درێژایی مێژوو هێما ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پەیوەندی کردن و دەربڕینی بیرکردنەوە هەست و بەهاکانی مرۆڤ، لە نەبوونی نووسیندا هێماکان بوون بە ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی ژیانی ڕۆحی و باوەڕەکان و سروشتی دەوروبەر، کە وای کرد بە درێژایی ڕۆژگار نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە. ئەم بەکارهێنانە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەند، چونکە هێماکان تەنها بۆ پەیوەندیکردن بەکارهێنران، جیا لەوە بۆ دەربڕینی ناسنامەی کەلتووری و نەتەوەیی گەلانی جیاوازیش بەکار هاتووە. لێرەدا مەبەستمان لە ڕۆڵی ئەو هێما میتافۆرانەیە کە هونەرمەندان لە تابلۆ هونەرییەکانیاندا بەکاریان هێناوە وەک ئامرازێکی کاریگەر، چونکە ئەو هێما میتافۆڕانە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆی کوردیدا جێگیر نین بەڵکو گۆڕاوە و هەڵگری واتایەکی قووڵن کە گوزارشت لە هەستی هاوبەش و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و ئەوەی کورد لە هەلومەرجی خۆیدا ئەزموونی دەکات. لێرەدا ڕۆڵی هونەرمەند لە داڕشتنەوەی ئەم هێمایانەدا بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی کەسیی و ئەزموونی دەستەگشتی تیشک دەخرێتە سەر و ڕێگە دەدات وەک ئامرازێکی بەرخۆدان لە دژی پەراوێزخستن و لەبیرچوونەوە بەکاربهێنرێن. ئەو هێمایانەی لە تابلۆی هونەرمەندانی کورد بەکارهێنراون دەکرێ بێلایەن نەبووبن وە لە خۆشرا دانەنرابن، وە بە میتافۆڕکردنی هێماکان و بەکارهێنانیان لە تابلۆکانیان ئەوە ئەو مانایە دەگەیێنێ کە لە کولتووری کوردی و مێژووەکەیی لە چوارچێوەی نوێدا ئامانجیان بۆ دەکرێتەوە و هونەرەکە دەوڵەمەندتر دەکەن و قووڵاییەکی هەمەلایەنەتریان پێدەبەخشن. ئەمە لە لایەک وە لە لایەکی تر ئەم بابەتە بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی هەمەچەشنی هێما میتافۆڕەکان لە هونەری کوردیدا دەکات و لەوە دەکۆڵێتەوە کە هونەرمەند چۆن بەکاری هێناوە.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە پرسیار دەوروژێنێت لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە پەیوەندیی هێماگەرایی کاریگەر لە نێوان هونەرمەندی کورد و کۆمەڵگەکەیی و ژینگەکەی کە بەجۆرێک کە ئەو پەیامانەی لە کارە هونەریەکەدا هاتووە بگاتە بینەر و هەست و تێگەیشتنێکیان بۆ بوروژێنێت کە ڕەگ و ڕیشەی لە ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵیاندا بکات. لە هەمان کاتیشدا تێگەیشتن لە کۆدی هێما بەکارهاتووەکان وا دەکات بتوانین کارە هونەریەکان وەک ئاوێنەیەکی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ببینین و لەو هێزانە تێبگەین کە ناسنامەکەی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و ئاڵۆز لە خۆ دەگرن. لە میانەی ئەم باسەدا کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە:-

1- ئایا ئەو هێما میتافۆڕانە چین کە لە تابلۆی هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) بەکارهاتوون؟
2- دیاریکردنی چەمکی هێما میتافۆڕییەکان لە تابلۆی هونەرمەند (قەرەنی جەمیل)؟
3- تا چەند هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) سەرکەوتوو بووە لە کەڵک وەرگرتن لە هێما میتافۆرییەکان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان؟

## ٢.٢- گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەشـــداربیەکی کارایە لە بواری مێژووی هونەر و لێکۆڵینەوەی زانســـتی، هەروەهـا بە قوڵبوونەوە لەو هێمـا میتـافۆڕانەی کە هونەرمەنـد(قەرەنی جەمیـل) لە تـابلۆ هونەرییەکانیاندا بە کاری هێناوە، وە ڕۆشـــنایی دەخاتە ســـەر میراتی دەوڵەمەندی کولتووری و ئەزموونە مێژووییەکانی گەلەکەمان. ئەمەش لە ڕێگەی شـــیکارییەکی وردەوە بۆ بابەتەکە (هێما میتـافۆڕەکـان). جگە لەمەش ئەم لێکۆڵینەوەیە تێڕوانینێکی بە نرخە لە پرۆســـەی هونەری کە هونەرمەنـد لە کـارە هونەرییەکـانیـانـدا دەیخـاتە ڕوو. هەروەهـا لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەسـتکاریکردن و دووبارە دارشـتنەوەی هێماکان سـروشـتی ئەزموونی دەربڕینی هونەری و هێزی هێماسـازی بۆ تێپەڕاندنی بەربەسـتە کولتووری و زمانەوانییەکان ئاشـکرا دەکات. لە لایەکی تریش تێگەیشـتنمان بۆ کارەهونەریەکانی قەرەنی جەمیل و ڕۆڵی لە داڕشـتنەوەی شـوناسـی کولتووری گەلی کورد بەرز دەکاتەوە. بەم شـێوەیە دەتوانین گرینگی ئەم تویژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:-

١- لە زمانی هێماســـازی هونەری کوردی تاڕادەیەک کەمە بەتایبەتی لە کتێبخانەکانی کوردیدا، هەروەها ئەم توێژینەوە زانستیە هونەریە تیشـک دەخاتە سـەر پێویسـتی و بەدواگەڕانی زیاتر لەم بوارە دەوڵەمەند و ئاڵۆزە، وە بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشـــاییە بەشـــداری دەکات لە پاراســـتن و بڵاوکردنەوەی میراتی کولتووری کورد.

٢-ئەم تویژینەوەیە ســـودی بۆ قوتـابیـانی هونەر و هونەرمەنـدان و تویژەرانەوە هەیە و هەوڵی پێشکەشکردنی زانیاری سەنگین و نوێ دەدات.

٣-شـــیکاری ئەو تەکنیکـانە دەکات کە هونەرمەنـد قەرەنی جەمیـل لە تـابلۆ هونەریەکـانی هێما میتافۆریەکانی بەکار هێناوە.

٤- بە پشـــکنینی ئەو هێمایانەی کە هونەرمەند قەرەنی جەمیل لە تابلۆ هونەرییەکانی بەکارهێناوە دەتوانین تێگەیشتنێکی قووڵتر لە شوناس و داب و نەریت و خواستەکانی کورد بەدەست بهێنین.

٥- گەڕانە بەدوای چۆنیەتی میتافۆڕکردنی هێما کە هونەرمەند قەرەنی جەمیل بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەستی ئاڵۆز بەکاریان هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣.٢- ئامانجی توێژینەوە:

١-دەستنیشانکردنی هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل.

٢-زانین و تێگەیشتن لەو هێما میتافۆڕانەی کە هونەرمەندانی کورد لە تابلۆکانیاندا بەکاریانهێناوە.

**أ. سنوری بابەتی:** ئەم توێژینەوەیە پابەندە بە لێکۆڵینەوە لە (هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەند قەرەنی جەمیل).

**ب .سنوری شوێنی:** ئەم توێژینەوەیە گشت تابڵۆکانی هونەرمەند قەرەنی جەمیل کە لە نێو پارێزگای هەولێر بە ئەنجامی گەیاندووە دەگرێتەوە.

**ج. سنوری کاتی:** ماوەی توێژینەوەکە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-٢٠١٢) دەگرێتەوە.

## ٤.٢- پێناسەی زاراوەکان:

**١.٤.٢- پێناسەی(هێما) لە ڕووی زمانەوانییەوە:** هێمای (Symbol) لە زمانی یۆنانی ( Sum bolein)هاتووە، کە بە واتای نمرە و قەدرزانی دێت، و پێکهاتووە لە (Sum) بە واتای هەندێک لەگەڵ وشەی (Bolein) بە واتای نمرە (الفتوح، 1986، ل32). لە پێناسیەکی (ابن منظور٦٣٠-٧١١ک) دا هاتووە و دەڵێ "هێما وەک دەربڕینێکی ورد و نەگوتراو کە لە ڕێگەی جووڵە و ئاماژەکانی لێوەوە دەگوازرێتەوە، خاڵی لە قسەکردنی زارەکی، چەمکسازی دەکات" (منظور، ١٩٩٣، ل223). (موراد وەهبە*١٩٢٦) هێمای بەم شێوەیە پێناسە کردووە "هێما دەربڕینە، یان چالاکییەکی وەڵامدەرەوەیە کە جێگەی یەکێکی دیکە دەگرێتەوە و دەبێتە جێگرەوەیەکی نوێنەری بۆی"(مراد وهبة، 1971، ل104).

* (موراد وەهبا جبران) لە ساڵی 1926 لە شاری ئەسیوت لە میسر لەدایک بووە، لە زانکۆکانی قاهیرە و عەین شەمس فەلسەفەی خوێندووە، هەروەها دکتۆرای لە زانکۆی ئەسکەندەریە بەدەستهێناوە، وەک مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی عەین شەمس کاری کردووە و ئەندامی کۆمەڵێک ئەکادیمیا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەناوبانگ بووە، هەروەها دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی ئیبن ڕوشد و ڕۆشنگەری بووە (موراد وەهبە، ٢٠٠٧، ل٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.٤.٢- هێما لە ڕووی فەلسەفی:

(فێردیناند دیسۆسێر*١٨٥٧-١٩١٣) هێما لەگەڵ نیشاندەر یەکسان دەکات، وە زۆرجار بە شێوەیەکی گۆڕاو لەگەڵ نیشانە بەکاری دەهێنێت، هەروەها بەم شێوەیە پێناسەی کردووە "فۆرمێک کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆدا ئاماژەی پێکراوە. هێما واتا هەموو شتێک کە جێگەی شتێکی دیکە دەگرێتەوە لە ماناکەیدا، نەک بە شێوەی یەکسانیی تەواو، جیاوازتر بە پێشنیار یان بە بوونی نیشانەیەکی ڕێکەوتی یان ئاسایی" (الدوري، 2001، ل35). (هربرت ڕید ١٨٩٣-١٩٦٨) دەڵێ "مانای هێما شتێکە کە دەبێت فێری بین، شتێکی سروشتی نییە، خۆ دیار نییە، ئارەزوومەندانە یان لاسایکردنەوەیە، تا لەسەری ڕێکەوتن نەکرابێت، ئەوا ناتوانین لێی تێبگەین "(رید، ١٩٨٦، ل٢٤٧)، هەروەها (ئێرنست کاسیرێر ١٨٧٤-١٩٤٥)دەڵێ "هێما شێوازێکی بنەڕەتی نوێنەرایەتیکردنە کە مرۆڤ توانای دەربڕین و بنیاتنانی مانای هەیە ، وەک (زمانی عەقڵ) لە ڕێگەی سیستەمەکانی وەک زمان و هونەر و ئەفسانە و ئاینەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کە ناسینی مرۆڤ جیا دەکەنەوە لە فۆرمەکانی تری ژیانەوە" (عطية، 1996، ل39)، هەروەها بە بڕوای (سوزان لانگەر ١٨٩٥-١٩٨٥)" هێما بریتییە لە میدیای بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن لە ئەزموونە ناوەکییەکانی مرۆڤ، هەست و چەمکەکانی واقیع دادەڕێژێت و دەیخاتە ڕوو، دەربڕینەکانی وەک زمان و هونەر و مۆسیقا دەگرێتەوە بۆ گەیاندنی بیرۆکە ئاڵۆزەکان (ئیبراهیم، ٢٠١٣، ل٤٣٦).

### ٣.٤.٢- هێما لە ڕووی کرداری:

بە سوودوەرگرتن لە پێناسەکانی سەرەوە، توێژەر پێناسەی (الدوری) بۆ بەکارهێنانی ڕێکارەکان دەگرێتەبەر، چونکە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەدا دەگونجێ.

---

* (فێردیناند دی سۆسور Ferdinand de Saussure 1857 - 1913) فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی زمانەوانی سویسرییە، چەندین تیۆری بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی پەرەپێداوە و مژدەی لەدایک بوونی (نیشانەناسی) داوە لە ماوەی ژیانیدا هیچ کتێبێکی نەنووسیوە، وتارەکانیش دوای مردنی لە لایەن خوێندکارەکانیەوە کۆکراونەتەوە (برامبوش، ٢٠١٨، ل٣٨٠-٣٨١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤.٤.٢- میتافۆڕ لە ڕووی زمانەوانی:

میتافۆڕ، بە گوێرەی فەرهەنگی کامبریج، بەم شێوەیە پێناسە کراوە "دەربڕینێ زۆرجار لە ئەدەبدا دەبینرێت، کە ئاماژە بە شتێک دەکات کە تایبەتمەندییەکی هاوشێوەی ئەو کەسە یان بابەت هەیەو وەسفی کەسێک یان بابەتێک دەکات"(metaphor, cambridge dictionary ,2024) . وە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، میتافۆڕ بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت "وشەیەک یان دەستەواژەیەک کە بۆ وەسفکردنی کەسێک شتێکی تر بەکاردێت، بە شێوەیەک کە جیاواز بێت لە بەکارهێنانی ئاسایی، بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە ئەو دوو شتە هەمان سیفەتیان هەیە و بۆ وەسفەکە تا بەهێزتری بکەن" (metaphor, oxford learner's Dictionary, 2024).

## ٥.٤.٢- میتافۆڕ لە ڕووی زاراوەیی:

میتافۆڕ زمانێکە بە مانای بەرزکردنەوەی شتێک و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، وەک بڵێین شتێکم لە کەسێک قەرز کردووە، واتە لە دەستی کەسێکەوە گواستمەوە بۆ دەستم (عتیق، 1985، ل179-180). هەروەها (الجرجانی ٤٠٠-٤٧١ك) وا پێناسەی دەکات "میتافۆڕ لە ڕستەدا وشەیەکە ڕەگ و ڕیشەی لە دۆخێکی زمانەوانی ناسراودا هەیە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاتێک بۆی بەکارهێنراوە تایبەت بووە بەو، پاشان شاعیر لە بنەچەیەکی جیاوازدا بەکاری دەهێنێت و بە شێوەیەکی ناپێویست بۆی دەگوازێتەوە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم پێناسەیەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەر پرسێکی نوێ کەوتووە، کە ئەوەیە کە گواستنەوە پێویست نییە، واتە حاڵەتێکی لەناکاو و دەبێت ئەرکەکەی لە شوێنێکدا کۆتایی بێت (الجرجانی، 1992، ل67-68).

## ٦.٤.٢- میتافۆڕ لە ڕووی فەلسەفی:

بە بۆچوونی (ئەرستۆ٣٨٤-٣٢٢ پ-ز) "میتافۆڕ نوێنەرایەتی فۆرمێکی باڵاتری زمان دەکات، فۆرمێک کە مانای ناڕاستەوخۆ یان شاراوە دەگەیەنێت. ئەرستۆ میتافۆڕەکان وەک خۆدزینەوە دەبینێت، کە وا دەکات پەیوەندیکردنی بیرۆکەکان کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ دەربڕینیان قورس بێت، ئەمەش ڕۆڵێکی ناوازە بە میتافۆڕ دەبەخشێت لە دەربڕینی چەمکە ئاڵۆزەکان یان نەگێڕدراوەکان، وە جەخت لەسەر ڕێبازی ناڕاستەوخۆ دەکاتەوە وەک شتێکی بنەڕەتی بۆ دەسەڵاتەکەیان"

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(طالیس، 1973، ل58-59). لە لایەکی تر (فردریش نیچە ١٨٤٤-١٩٠٠ز) جەخت لە هێزی خەیاڵ دەکات، بڕوای وایە" یاریکردن بە هەست و سۆز پێش یاریکردن بە خەیاڵی خوێنەران لە ڕێگەی ئەو میتافۆڕکردنە دێت کە بە هۆی ئەو وێنانەی کە لە ڕێگەی ئەو وشــە میتافۆڕانەوە وروژێنراون کە ئەو مانایە ئەگەری نوێ ناکاتەوە یان ئاماژە بە شــتێکی واقیعیانە ناکات، ماناکە پێشــنیار دەکەن، بەڵکو مانای میتافۆر تەنیا لە خەیاڵدا دەدرێت" (مراد، 2016، ل46).

### ٧.٤.٢- میتافۆر لە ڕووی کرداری:

بە واتای شــتێک بە شــتێکی تر بەراورد دەکەن بۆ ئەوەی مانای قوڵتر لە زمان و هونەردا دروســت بکەن، میتــافۆڕی بینراو لە تــابلۆکــان هونەرمەنــدانی کورد وشــیکردنەوەی توخمە بنەرەتی و پێکهاتەکانی ناو تابلۆکان، کە یارمەتیدەرن بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان بە شێوازی داهێنەرانە.

## ٣- چێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ١.٣- هێما لە نێوان چەمک و مانا ئاماژەییەکاندا:

هێماکان وەک پردێک لە نێوان چەمکە ئەبســتراکتەکان و دەربڕینە بەرجەســتەکراوەکاندا کاردەکەن، هەڵگری ماناگەلێکن کە زمان و کولتوور تێدەپەڕێنن، هێما لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێن، لە هونەر و ئەدەبەوە تا دەگاتە ئایین و کولتوور.

ئێســتا پێویســتە، بە مەبەســتی ڕوونکردنەوەی(ئاماژە) و ناوەڕۆکی (هێما)، بە پرۆســەی دانانی هێما ئاشــنابین: (هێمادانان) بریتییە لەو کارەی، کە مرۆڤ تێیدا بە ویســت و خواســت و ئارەزووی خۆی لە ناو کۆمەڵەکانی خۆیاندا ڕێکدەکەون و شــتێك بە هێما بۆ شــتێکی دیکە دادەنێن.کاتێك چەند کەسێك لە ڕێکخستنی ژیانیاندا هێما بۆ شتێک دادەنێن، بەهایەك یان نرخێك دەخەنە پاڵ شــتەکە و بۆ نموونە: دانانی هێمای (X) بۆ وێژەران و (Y) بۆ نووســەر و(Z) یش بۆ ڕەخنەگر، ئەو بەهایەی دەدرێتە پاڵ هێمایەك یان بۆ هێمایەک دادەندرێت لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەیش جیاوازە. هێما بۆ هێمایش دانراوەو دادەنرێت، دیارەدەی دانانی (هێما بۆ هێما) لە پیتی نووسین بۆ دەنگ یان سیستەمەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەلفوبێی نووسینی وەك عەرەبیی، لاتینیی و نووسینی فۆنەتیکیش بەکارهێنراوە (مەحوی، ٢٠٠٨، ل٢٨).

### ٢.٣- هێما لە ڕووی فیکری و فەلسەفی:

زۆرێک لە فەیلەســوف و بیرمەندان لێکۆڵینەوەیان لە هێما کردووە، چەندین چەمک و بۆچوونی جیاواز ســەریان هەڵدا کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی شــیکارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ هێمادا دەکرد، فەیلەسوفەکان بە پێی دیدگای خۆیان هێماکانیان لێکدەدایەوە.

یەکێک لەو فەیلەسوفانەی کە لە فەلسەفەکەیدا ئاماژەی بە هێما کردووە (فیساگۆرس٤٩٧-٥٧٠پ-ز )بوو، کە زۆر حەزی لە زانستی ژمارە و چۆنیەتی سەرهەڵدانی بوو، هەروەها لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی تایبەتمەندییەکانی و ئاست و سیستەمەکەی کردووە، فیساگۆرسەکان ژمارە (10) پێگەیەکی پیرۆزی هەبوو، هێمای ســێگۆشــەی دەیان بە گەورەترین شــێوەی ئەندازەیی دەزانی و ســوێندیان پێ خوارد چونکە هەموو ژمارەکانی لەخۆگرتبوو بەم شــێوەیە ســروشــتی گەردوون لە کۆمەڵێک ژمارەوە هاتووە (1+2+ 3+4) بەم شــێوەیە پیرۆزییان بە زانســتی ژمارە بەخشــی فیســاگۆرس وانەکانی ژمارەیان بە شــێوەی زارەکی بە خوێندکارە هەڵبژێردراوەکانی دەگوتەوە، بۆ ئەوەی زانیارییەکان لە دەرەوەی دیوارەکانی قوتابخانەکەی دزە نەکەن (مطر 1998، ص 78).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ژمارانە تەنها هێما نەبوون کە لە ڕێگەیانەوە ئەو ژمارانە پیشــاندەدران، جیا لەوە باوەڕێک بە پیرۆزییان هەبووە و ئەم باوەڕەش دەرئەنجامی باوەڕبوون بە شتەکان و گۆڕانکارییە بێکۆتاکانیان بووە.

بە هەمان شــێوە ئەفلاتوون شــتە واقیعەکان و بەرجەســتەکانی ڕەتکردەوە و هیچی تری تێدا نەبینی جگە لەو وێنانەی کە هێما بوون بۆ واقیعە ئایدیاڵەکان دوور لە جیهانی واقیع، واتە جەوهەری هێماسازی لەم چەمکەدا هەموو شتێک تێدەپەڕێنێت کە بەرجەستە و سنووردارە و لە باوەڕبوون بە جیهانێکی جوانی ئایدیاڵدا خۆی دەبینێتەوە، وە لەو باوەڕدا بوو کە ئەم جیهانە تەنها لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. (کرم ١٩٤٦، ص ١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێماکان دەتوانن لە ڕوانگەی هەر تاکێک مانای جیاوازیان هەبێت، بۆ هەندێک مانا هاوبەشەکان نیشان دەدەن، لە کاتێکدا بۆ هەندێکی تر وەک فیساگۆرس و ئەفلاتوون ئاماژە بە جیهانێکی تەواو جیاواز دەکەن لەوەی کە ئێمە دەیبینین.

سەبارەت بە (ئەرستۆ) ئەو لەسەر بنەمای زمان مامەڵەی لەگەڵ هێما کردووە، زمان لە هەموو بوارەکانیدا هێمای بیرۆکەکانە و هێمای ئەبستراکتن، ووشەکان سەرەتا هێمای چەمکی شتە هەستیارەکانە، پاشان ئەوانەی ئەبستراکتن پەیوەندییان بە ئاستێکی بەرزترەوە هەیە لە ئاستی هەست. هێمای باری دەروونی و ماددین بۆ بیرکردنەوە. زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی بیرکردنەوە و قسەکردنی ناوەوەمان. مانای وشەکان کەسی و سروشتی نین، کۆمەڵگا لەسەری ڕێکەوتوون. ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە بەهای خۆی بە زمان دەبەخشێت. دەکرێت بە وشەکان بیربکرێتەوە و بەڵگەکان لەسەریان بنیات بنرێت لە ڕێگەی هێمای شتەکان (مندور 2006، ص 108). لای ئەرستۆ، هێما تەواوکەری زمان و ووشەیە، پردێک لە نێوان بیرکردنەوە و واقیعدا دروست دەکا.

ئەرستۆ هێمای بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا دابەش کردووە:

أ- هێمای تیۆری یان لۆژیکی: کە هێما پەیوەندی بە مەعریفەوە هەیە.

ب- هێمای پراکتیکی: کە بە واتای کردار دێت.

ج- هێمای شیعری یان جوانیناسی: کە بە واتای بارودۆخێکی ئاڵۆزی ناوەوەی ڕۆح و پێگەیەکی سۆزداری یان هەستیاری دێت (شعبو 2006، ص 40-41).

بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەرستۆ پێی وابوو کە هونەر بوار بە هونەرمەند دەڕەخسێنێت بۆ داهێنان بە بەکارهێنانی هێما لە جێگای سروشت یان بیرۆکەکان، کە ڕەنگدانەوەی هەستەکانی هونەرمەندە.

ئیمانوێل کانت پێی وایە کە هێما مانای سەربەخۆی خۆی بەدەست دەهێنێت، دەڵێت "هێما دوای ئەوەی لە واقیع دوور دەخرێتەوە، دەبێتە سروشتێکی جیاواز و سەربەخۆ لە خۆیدا و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو و شتە ماددییەدا نییە، تەنها لە ڕێگەی ئەنجامەکانەوە نەبێت" (الفتوح 1986، ص 38). سەبارەت بە هیگڵ، ئەو هێما بەم شێوەیە پێناسە دەکات دەڵێت"شتێکی دەرەکیە، کە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ ویستی ئێمە دەکات، بەڵام ئەم شتە بەو شێوەیە وەرناگیرێت کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستیدا لە خۆیدا بوونی هەیە، جیاوازتر بە مانایەکی زۆر گشتگیرتر وەردەگیرێت" (هیغل 1987، ص 32).

فەیلەسوف (ئێرنست کاسیرێر ١٨٧٤-١٩٤٥) پێی وابوو مرۆڤەکان لە جیهانێکدا دەژین کە پڕە لە هێما وەک زمان و ئایین و هونەر کە ئێمە لە ئاژەڵان جیا دەکاتەوە. هێماکان تەنیا نیشانەیەکی سادە نین ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و کولتوور و ئەزموونە ئاڵۆزەکانن (عطية 1996، ص 39-43).

بیرۆکەکانی کاسیرێر ڕێگە خۆشکەربوون بۆ دروست بوونی چەندین چەمک و لێکۆڵینەوەی جیاواز بۆ هێما، فەیلەسوفانی دوای خۆی درێژەپێدەری بیرۆکەی ئەو بوون بە تێگەیشتنێکی جیاوازتر.

(سوزان لانگەر ١٨٩٥-١٩٨٥) لەم بابەتەدا لەگەڵ کاسیرێر هاوڕایە، چونکە ئاماژە بەوە دەکات کە شێوە تایبەتەکانی کردەی دەربڕین، قسەکردن، ئاماژە، گۆرانی، جگە لە گۆڕانکاری هێماسازی هیچی تر نین. مرۆڤ کاتێک هێما دروست دەکات، هەوڵدەدات هەست و نەستی ناوەوەی خۆی دەربڕێت، کە سوزان لانگەر بە هەستی مرۆڤ ناوی بردووە و بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە ئەوەی دەتوانین هەستی پێبکەین لە هەستە سروشتییەکانەوە دەست پێدەکات، ئازار، ئاسوودەیی، خۆشی، تا دەگاتە هەست و سۆزی ئاڵۆزی دیکە و گرژییە دەروونییەکان، واتا میتۆدێکە کە لە ڕێگەیەوە هونەرمەند هەوڵی بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆحی مرۆڤ دەدات پرۆسەیەکی گۆڕین و ئاراستەکردنە بۆ ئامانجێکی هێماسازی دەربڕدراو بۆیە بۆ هەر هێمایەک لە یادەوەری و ئارەزووەکانی مرۆڤدا مانایەک هەیە (حكيم 1986، ص 32-40).

هەموو هونەرمەندێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لە هەستی مرۆڤ و دەربڕینی ئەم دەربڕینە تەنها لە ڕێگەی هێماکانەوە دەتوانێت پیشانی بدات

ناکرێ ڕۆڵی زانایانی دەروونناسی بۆ ناساندنی هێما بەلاوەبنێین چونکە گرنگیدان بە هێماکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە بواری دەروونناسیدا سەریهەڵداوە، بەو پێیەی ئەوانەی لەم پسپۆڕییەدا کاریان دەکرد، ئارەزوویان لە دیاریکردنی سروشتی هێماکان و پەیوەندییان بە پرۆسەی دەروونناسیەوە هەبوو.

(کارل یۆنگ ١٨٧٥-١٩٦١) پێی وابوو کە هەموو شتێک لەم بوونەدا هێمای شتێکە و مرۆڤ هەوڵدەدات هەموو ئەو شتانەی کە دەوریان داوە بیگۆڕێت بۆ هێمای فۆرمە سروشتییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەبستراکتەکان، فۆرمەکانی ئەندازەیی یان ڕووەکی و ئەبستراکت و تەنانەت ئەو شتانەی کە بەرهەمی دەهێنن، ڕەنگە هەموویان جێگرەوەی هێماکان بن بۆ مرۆڤ، لەگەڵ مەیلی دروستکردنی هێما تێگەیشتنەکان یان شێوەکان دەگۆڕێن بۆ هێما، یۆنگ پێی وایە کە دوو جۆر هێما هەیە یان (هێمای کولتووری)، کە تا ئێستاش لە زۆرێک لە ئایینەکاندا بەکاردەهێنرێن و ئەم هێمایانە ئاسایین و ناوەڕۆکێکی ئایینی و، ئەفسانەی، یان کولتوورییان هەیە. یان (هێمای سروشتی)، لە فۆرمەکانیاندا هەستیان پێدەکرێت کە لە سروشتەوە وەرگیراون و وەک خۆیان، یۆنگ پەیوەندی نێوان هێما و هونەرمەند پشتڕاست دەکاتەوە، پێی وایە کاتێک هەوڵدەدەین لە هێما تێبگەین و شیکاری بکەین، ئێمە تەنها ڕووبەڕووی خودی هێما نابینەوە، بەڵکو زیاتر ڕووبەڕووی تەواوی ئەو تاکە دەبینەوە کە هێما بەرهەم دەهێنێت، و ئەمەش لێکۆڵینەوە لە پێشینەی کولتووری هونەرمەندەکە لەخۆدەگرێت (یونغ 2012، ص 344-347).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هێماکان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە بیرکردنەوە و دەربڕین و داهێنانی مرۆڤدا هەبووە، چ لە فەلسەفە، یان دەروونناسی، یان هونەردا، وەک نێوەندگیریەک لە نێوان جیهانی بەرجەستە و بیرۆکە کاردەکەن، ڕێگەکانی دەربڕین کورت دەکەنەوە و یارمەتی مرۆڤە دەدەن هەست و سۆز و باوەڕ و ناسنامەی کولتووری خۆیان بگەیەنن، هێماکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەوەی کە ئێمە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ئەزموونی مرۆڤەوە ئاشنا بین.

### ٣.٣- هێما لە بزووتنەوەکانی هونەری ئەورووپیدا:

هێماکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هونەری ئەورووپیدا هەبووە لە سەرانسەری بزووتنەوە جیاوازەکاندا، وەک ئامرازێک بۆ هونەرمەندان بۆ دەربڕینی مانا و هەست و بیرۆکەکانیان بەکاریان هێناوە. لە پۆست ئیمپرێسنیزمەوە تا سوریالیزم، هونەرمەندان بۆ تێپەڕاندنی واقیع و گەیاندنی دیدگا کەسییەکانیان، هێماکانیان بەکاردەهێنا، زۆرجار خەیاڵیان لەگەڵ تەوەری کولتووری، ڕۆحی، یان دەروونناسی تێکەڵ دەکرد. ئاماژە بە پێنج لە بزووتنەوەی هونەری دەکەین کە چۆن هێماکانیان بەکارهێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (پۆســـت ئیمپرێســـنیزم دەروبەری ١٨٨٠-١٩٠٥) هێماســـازیی برەوی پێدرا، بە نموونە: هونەرمەند (ڤانســـانت ڤان گۆگ ١٨٥٣-١٨٩٠) ڕەنگ و فۆرم بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی هەســـتی ناوەوە. (ڤان گۆگ) لە تابلۆی(پەتاتە خۆرەکان) (شـــێوەی١)، چەند هێمای بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ژیانی ســـەخت و ئازاری هەژاران. لەم تابلۆیەدا جوتیارانی بە ڕووخســـارێکی زبر و ماندوو وێنا کردووە کە لە دەوری مێزێکی کەم ڕووناکی کۆبوونەتەوە، بەکارهێنانی تۆنی تاریک و خاکی و فلچەی زبر دەربڕینی هەستی خۆڕاگری پیشـــانداوە. فانۆســـەکە کە ڕووناکییەکی بێگەرد بەســـەر دیمەنەکەدا بڵاودەکاتەوە، جارێک وەک هێمای گەرمی و جارێکیتر وەک واقیعی ســـەختی بوونیان بەکـاریهێنـاوە، (ڤـان گۆگ) لە ڕێگەی ئەم توخمـانەوە بەزەیی قووڵی خۆی بۆ چینی کرێکـار و خواســـتی خۆی بۆ وێناکردنی کەرامەتی ئەوان ســـەرەڕای ئازارەکانیان دەگەیەنێت(ئەکرەم٢٠٠٦، ل٤٧-٤٨).

بەڵام هێما لە (ســـیمبۆلیزم ناوەڕاســـت تا کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدە) کە بزووتنەوەیەکی هونەری بوو کە دووبارەکردنەوەی ســـروشـــتیان ڕەتدەکردەوە، لەبری ئەوە ئەفســـانە و خەونیان بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان. سیمبۆلیستەکان پێیان وابوو کە هونەر دەبێ گوزارشت لە هەســـت و بیرۆکەکان بکات نەک تەنها ســـروشـــت وێنا بکات، ئەوان تەنها بە بەکارهێنانی ســـێبەر و ڕووناکی و ڕەنگ و هێڵ لە کاری هونەری قایـل نەبوون ئەوان پێویســـتیـان بە هێما هەبوو بۆ بیرۆکەکانیان، کە جەختیان لەســـەر خەیاڵی کەســـی و بابەتەکانی نائاگایی دەکردەوە(گارا٢٠٠٥، ل٦١).نموونەی ئەو هونەرمەندانەدا (گوستاڤ مۆریۆ 1826-1898)، کە لە تابلۆکانی بە شێوەیەکی ڕوونتر لەگشت هونەرمەندە سیمبۆلیستەکان هێمای زیاتر بەکارهێناوە، (مۆریۆ) جگە لە باوەڕی بە ئەفســـانە و هێما، باوەڕی بە جیهانی نائاگا هەبووە، بەو پێیەی ئەو لەو جیهانەی دەزانی کە هێماکان نوێ دەکاتەوە و بیرۆکەی ڕۆشنگەری پێدەبەخشێت (أمهز، ١٩٨١، ص64) بە نموونە لە تابلۆی(کچێک ســـەری ئۆرفیۆســـی لە باوەشـــە) ئەم تابلۆیە هێمای میراتی هەمیشـــەیی داهێنەری هونەری و ئەو قوربـانیـدانەیە کە بەســـتراوەتەوە بە داهێنـانەوە (Huyghe1965 p184). کە لە (شـــێوەی٢) دا دەبیندرێت.

هونەرمەندی ســـیمبولێزم تەنها لە وێناکردنی ســـروشـــت تێدەپەڕێت و هێما خەیاڵی و ئەفسانەییەکان بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی مانای گشتگیرتر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها (ئێکسپرێشنیزم )کە بزووتنەوەیەکی هونەری بوو کە سەرنجی لەسەر دەربڕینی هەستی هونەرمەند بوو،(ئێکسپرێشنیستەکان ١٨٩٠-١٩٣٤) لەبری ئەوەی شتەکان بەو شێوەیەی خۆیان وێنە بکێشن، شێوەکانیان شێواند و زیادەڕەویان دەکرد لە فۆرمەکانیان ڕەنگی چڕیان بەکارهێنا و بۆ نیشاندانی هەستەکانی وەک دڵەڕاوکێ، ترس، یان سۆز، هەر وەک هونەرمەند (پۆل کلی ١٩٧٩-١٩٤٠) دەڵێ "هونەر بەرهەمهێنانەوەی بینراو نییە، بەڵکو هێنانە ئارای بینینە"(مەحمود٢٠١٧، ل١٨).

هێما لە ئێکسپرێشنیزمدا تەنیا جێگرەوەی مانا ئاساییەکان نەبوون، جیاوازتر بۆ هەست و سۆز و ململانێ ناوەکییەکان بەکاردەهێنران. "لە ئێکسپرێشنیزمدا دوو شێوازی کارکردنیان تێکەڵ کرد یەکێکیان کە هونەرمەندان فۆرمی تەواو نوێیان داهێنا، یەکێکی دیکەشیان کە شتە ڕاستەقینەکانیان دەگۆڕی بۆ دەربڕینی هەستەکان" (أمهز1981، ص١٢٥)، وە نموونەی بەرزی ئێکسپرێشنیزم لە تابلۆکانی هونەرمەند (ئیدوارد مۆنش ١٨٦٣-١٩٤٤) دەبینرێت، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هونەرمەندانی ئێکسپرێشنیزم دەستنیشان دەکرێت، چونکە (مۆنش) پێویستی بە هونەرێ بوو کە هاوار بکات و بقیژێنێ، ببێتە هێمایەک بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری ونبوونی منداڵی و مردنی دایکی و هەردوو خوشکەکەی پێ دەرببڕێ، بە نموونە: تابلۆ بەناوبانگەکەی (قیژاندن) لە (شێوەی٣) دا دەبینرێت (گارا٢٠٠٥، ل١٠٠).

بەو پێیەی هونەرمەندانی مۆدێرن خەیاڵی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لە جیهانی بینراو تێپەڕن، وە ڕاستی گشتگیرتر ببینن و ئەزموونە بینراوەکان بگۆڕن بۆ وێنەی هێماسازی.


(شێوەی١) تابلۆی پەتاتە خۆرەکان ١٨٨٥ هونەرمەند ڤان گۆگ


(شێوەی٢) تابلۆی (کچێک سەری ئۆرفیۆسی لە باوەشە) ١٨٦٥ هونەرمەند گۆستاڤ مۆرێو


(شێوەی٣) تابلۆی قیژاندن١٨٩٣ هونەرمەند ئیدوارد مۆنش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(سوریالیزم ١٩٢٤-١٩٥٠ەکان) کە لەلایەن (ئەندریّ برۆتۆن ١٨٩٦-١٩٦٦) لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزراوە، لە ژێر کاریگەری تیۆریەکانی (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٨-١٩٣٩) لە ساڵی ١٩١٧کە ڕەگێکی قووڵی لە گەڕان بەدوای عەقڵی نائاگایی و خەون و ناعەقڵانیدا هەیە(هۆچ٢٠١٧، ل٢٤٤). هێماکان لە سوریالیزمدا لە نائاگاییەوە وەرگیراون، زۆرجار نوێنەرایەتی ئارەزوو و ترس و خەیاڵە سەرکوتکراوەکان دەکەن. ئەم هێمایانە بە لۆژیک و واقیعەوە پابەند نین، ئەمەش ڕێگە بە هونەرمەندان دەدات وێنەی خەوناوی و نهێنی و زۆرجاریش نائارامکەر دروست بکەن. هێما سوریالیستەکان لە ئەفسانە و ئایین و نەریتە ئەفسوناوییە کۆنەکانەوە وەرئەگرن، واقیع لەگەڵ فانتازیا تێکەڵ دەکەن بۆ وروژاندن و سەرسوڕمان. خەیاڵ ناوەندی سوریالیزمە، وەک ئامرازێک بۆ کردنەوەی گرێی نائاگا و گۆڕینی جیهانەکانی ناوەوە بۆ دەربڕینی هونەری کاردەکات (مەرزبان٢٠١٩، ل٢٢٥).

بە نموونەی تابلۆ (سالڤادۆر دالی١٩٠٤-١٩٨٩) پڕ لە هێمای (بەردەوامی یادەوەری) کە لە (شێوەی٤) دەبیندرێت، کاتژمێرەکانی توانەوەی تێدایە، کە هێمای شلبوونەوەی کات و یادەوەرییە. زۆرجار هێماکانی دالی ڕەنگدانەوەی تەوەری شەڕ و خراپبوون و گێژاوی دەروونییە(Huyghe1965, p297).

لە کۆتاییدا، هێماکان ڕێگە خۆشکەربوون بۆ هونەرمەندان کە بیرۆکە و هەستە ئاڵۆزەکان بگەیەنن. لە دیمەنە پڕ ڕووناکییەکانی ئیمپرێشنیستەکانەوە تا دیدە خەوناوییەکانی سوریالیستەکان.



(شێوەی٤) تابلۆی بەردەوامی یادەوەری ١٩٣١هونەرمەند سلڤاردو دالی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٤.٣ - تێگەیشتنەکی گشتی بۆ جۆرەکانی میتافۆڕ:

میتافۆڕەکان شتێک بە شتێکی تر بەراورد دەکەن بۆ ئەوەی مانای قووڵتر لە زمان و هونەردا دروست بکەن، چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، وەک میتافۆڕی ئەدەبی لە شیعر و ڕۆمان و نووسیندا بە گشتی، یان میتافۆڕی بینراو لە تابلۆکان، کە یارمەتیدەرن بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان بە شێوازی داهێنەرانە. بۆ تێگەیشتنێکی گشتگیر دەربارەی میتافۆڕ بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان ئاماژە بە چەند جۆرێکی میتافۆڕ لە ئەدەب و هونەر دەکەین.

### ٥.٣- جۆرەکانی میتافۆڕ لە رووی ئەدەبی و زمانەوانی:

١-**میتافۆڕی ڕاگەیەندراوی ڕەسەن**: میتافۆڕێکە کە لە زاراوەوە وەرگیراوە، سەرچاوەکەی روون نیە و هەمیشە جێگای گومانە، وە زاراوەی میتافۆڕیەکەی لە ناوێکی ڕەگەزییەوە وەرگیراوە.

٢- **میتافۆڕی ڕاگەیاندراوی وابەستە:** بریتییە لەو وشەیەی کە گومانی لێدەکرێت و سەرچاوەی ڕوونی خۆی نییە و لە ڕێگەی کردارێک یان پیتێکە کە مانایەکی هەیە، یان سیفاتێکی وەرگیراوەوە بەکاردێت.

٣- **میتافۆڕی میکانیکی**: میتافۆڕێکی زاراوەییە کە تێیدا سەرچاوەی گومانلێکراو لادەبرێت، بەڵام یەکێک لە پێکهاتەکانی وەک بەڵگە دەخرێتەڕوو، لێکچوونەکە دەپارێزرێت.

٤- **میتافۆڕی پاڵێوراو**: ئەم جۆرەیان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەگونجێت کە لێی خوازراوە.

٥- **میتافۆڕی ئەبستراکت**: ئەمەیان پەیوەستە بەو شتە کە لەگەڵ کەسی خوازراوەوە دەگونجێت.

٦- **میتافۆڕی ڕەها**: پابەند نییە بە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوەوە، یان پاڵێوراو و ئەبستراکت تێکەڵ بکات.

٧- **میتافۆڕی نوێنەرایەتی**: ئەمەیان پێکهاتەیەک وەردەگیرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەیەکی تر، وێنەیەکی پێکهاتەیی دروست دەکات کە لە چەندین توخمەوە وەرگیراوە.

٨- **میتافۆڕی کۆدەنگی**: هەردوو توخمەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ یەکدەگرنەوە و تەواوکەری یەکترن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٩- میتافۆڕی سەرسەخت:** دوو توخم لە یەک بوون کۆدەکرێنەوە بۆ گەیاندنی مانا (شێخون، 1994، ل67).

**٦.٣- جۆرەکانی میتافۆڕ لە هونەردا:**

دەتوانرێت بەکارهێنانی میتافۆڕ لە هونەردا لە چەند جۆرێک کورت بکرێتەوە. لە نێوانیاندا (میتافۆڕی درێژکراوە ، میتافۆڕی تێکەڵاو ، میتافۆڕی مردوو ، میتافۆڕی مجازی) هەیە. هەموو ئەم جۆرانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە.

**أ-میتافۆڕی درێژکراوە:** نوێنەرایەتی ڕێبازێکی چیرۆکگێراوە دەکات لە نێوان کارەکتەری سەرەکی و توخمە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی هاوتەریب، وە لە نمایش و مەتەڵەکاندا دەبینرێت بۆ هێماکردنی بیرۆکەی ئەبستراکت.

**ب-میتافۆڕی تێکەڵ:** میتافۆڕە جیاوازەکان تێکەڵ دەکات کە مانا دەگۆڕێت، زۆرجار لەگەڵ مانای یەکەم ناتابایە و دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی.

**ج-میتافۆڕێکی مردوو:** میتافۆڕێکی جێگیرە کە پشت بە کردار یان وێنەی ڕاستەوخۆ دەبەستێت بۆ گەیاندنی مانا، هیچ هەوڵێکی بۆ گۆڕینی وێنە نییە، زۆرجار تەنها کرداری فیزیکی بەکاردەهێنێت، یاخود بە مانایەکی تر میتافۆڕی مردوو بە واتای لە داستانی هێز و کاریگەری بە هۆی دووبارەبوونەوە، یاخود بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو میتافۆڕە لەسەر ئاستی بەکارهێنان.

**د-میتافۆڕی (مجازی) ڕەمزی:** بەشێک لە شتێک بەکاردەهێنێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی کۆی شتەکە یان بە پێچەوانەوە، کاریگەرە بۆ هێماکردنی بیرۆکە گەورەکان لە ڕێگەی لێکچوونی لە توخمە بینراوەکاندا هەبێت بە بەراورد بە تەواوی پارچە بینراوەکە (W.mohd Apandi and Ramli 2022, p 130-131).

هەموو جۆرە میتافۆڕەکانی پێشوو دەتوانرێت کورت بکرێتەوە لە تایبەتمەندیەکانیان، بێگومان خاسیەتی بەکارهێنانی خۆیان هەیە، ئامانجی سەرەکییان لە یەکەوە نزیکە، هەوڵی بەدەستهێنانی شتێکی جیاوازتر دەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٧.٣- چەمکی میتافۆڕ لە فەلسەفەی کلاسیکدا:

لە فەلسەفەی کلاسیک دەبێ بگەڕێینەوە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون)، کە بە باوکی ئایدیالیزم ناودەبرا، پێیوابوو جگە لە خودی بیرکەرەوە و باقی هەموو شتێک لە بوون، سێبەری جیهانی سەروو و ئایدیاڵە. ئەفلاتون میتافۆڕی بە گوتارێکی ڕەتکراوە دەزانی، چونکە لەسەر بنەمای ساختەکردنی ڕاستییەکان و شێواندنی ڕووداوەکان دامەزراوە. میتافۆڕی بە کەرەستەیەکی ناڕاست و وەهم و فریودان دەزانی، ترسی ئەوەی هەبوو کە بەکارهێنانی میتافۆڕ تاکەکان بەلاڕێدا ببات و سەرنجیان لە مانای ڕاستەقینە یان وشەیی شتەکان لابات. چونکە کۆمارەکەی دوور لە شاعیران و خوڵقێنە جوانیناسییەکانیان دامەزراند، وەک چۆن هەوڵدەدات بگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستی بە ئامانجی ناسینی جوانی و دادپەروەری و چاکە، یان بە واتایەکی تر، دەیەوێت بگاتە دیدگایەکی واقیع وەک خۆی بەبێ ساختەکردن و لە ڕێگەی ئەوەوە فەلسەفەی لە پلەیەکی باڵاتردا دانا، بەسەر پلەی شیعر و شاعیران یان هونەرو هونەرمەندان بە لەبەرچاوگرتنی میتافۆڕ وەک بەشێک لە داهێنەری هونەرمەندان لە پلەیەکی خوارەوە و ئەویش کە پێچەوانەی زانینە (ئەفلاتوون، ٢٠٠٩، ل٣٢٣-٣٢٥).

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕوانگە و بۆچونی ئەفلاتوون دەربارەی میتافۆڕ دوو جەمسەرە و لە سەرەتا ڕەتی کردۆتەوە بەڵام دواتر وەک پێویستی بۆ گەیاندنی زمانە فەلسەفیەکەی بەکاری هێناوە.

چەمکی میتافۆڕ لە فەلسەفەی کلاسیکدا لەسەر بناغە فەلسەفییە تیۆریەکانی (ئەرستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ ز)دا بنیات نراوە، ڕێکخستنی زانستی زمانەوانی بە پێی میکانیزمە لۆژیکیەکانی و لقەکانی کە لە ئەنجامی سیستەمێکی فیکرییەوە سەریان هەڵداوە کە ڕەنگدانەوەی ئەو کولتوورە دەبێت کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا زاڵ بووە. ئەرستۆ بەم شێوەیە پێناسەی میتافۆڕ دەکات "میتافۆڕ بریتییە لە گواستنەوەی ناوێک کە شتێک نیشان دەدات بۆ شتێکی تر و گواستنەوەکە یان لە ڕەگەزێکەوە بۆ جۆرێکی تر، یان لە جۆرێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر، یان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوودەدات، یان بەپێی نوێنەرایەتی" (أرسطو، 1973، ل58-59). ئەندرۆ ئۆرتۆنی* دەڵێت"بەیتێک و لێکۆڵینەوەیەکی جددی لە میتافۆڕ هەبێت، دەبیت لە ئەرستۆوە دەست پێبکات، کە پەیوەندیی میتافۆڕ بە زمان و ئامانجی پەیوەندیدارییەوە دەکۆڵێتەوە، باسکردنی ئەو پرسانە لە دوو کتێبەکەیدا، زمانەوانی و شیعریی، تا ئەمڕۆش بە کاریگەری لای بایەخدەرانی ئەم بابەتە ماوەتەوە" (Ortony 1993, p 7). بەم شێوەیە دەبینین کە ئەرستۆ زاراوەی میتافۆڕی وەک چەمکێکی هاوتەریب یان سەربەخۆ لە چەمکەکانی تر بەکارناهێنێت، بەڵام وەک زاراوەیەکی گشتگیر بەکارهێناوە. بەم شێوەیە میتافۆڕ لە چوارچێوەی میتافۆڕ و جۆرەکانی تێناپەڕێت و لە لقەکانیدا ملکەچی لێکچوونە، لە گواستنەوەیەکی زمانەوانی زیاتر نییە.

### ٨.٣ - چەمکی میتافۆڕ لە فەلسەفەی مۆدێرن:

(دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠) میتافۆر بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێبازە فەلسەفییەکەی، ئەو پرۆسەی بنیاتنانەوەی زانست بەراورد دەکات بە دووبارە بنیاتنانەوەی خانوویەک، پێشنیاری ئەوە دەکات کە هەروەک چۆن تەلارسازێک ڕەنگە پێکهاتەیەکی کۆن بڕووخێنێت بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی نوێ لەسەر بناغەیەکی تۆکمە دابنێت، بە هەمان شێوە مرۆڤ دەبێ بیروباوەڕە پێشووەختەکان هەڵبوەشێنێتەوە بۆ دامەزراندنی تێگەیشتنێکی دڵنیاتر. ئەم میتافۆرە شێوازی گومانی ڕیشەیی ئەو دەخاتە ڕوو، کە پێشنیاری گومانکردن لە هەموو بیروباوەڕەکانی پێشوو دەکات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی زانین لە بنەڕەتەوە ( Descartes1996,p 11-12).

دیکارت لە ڕێگەی میتافۆرەوە لە گرنگیی پرسیارکردن لە گریمانەکان و گەڕان بەدوای بناغەیەکی پتەو بۆ زانین دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە عەقڵ و لێکۆڵینەوەی لۆژیکی دەپارێزێت.

چەمکی میتافۆڕ لە فەلسەفەی ( کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) کە لەڕێگەی بابەتەکانی سەبارەت بە خەون و بەئاگابوونەوە باسی میتافۆڕی کردووە، کانت میتافۆڕی وەک ئامرازێکی خەیاڵی دەبینی

---

* (ئەندرۆ ئۆرتۆنی) زانا و توێژەرێکی مەعریفی کە بە کارەکانی لەسەر میتافۆڕی مەعریفی. بە تایبەتی بە کتێبی (میتافۆڕ و بیرکردنەوە)(١٩٧٩) ناسراوە، کە ڕۆڵی میتافۆڕ لە زمان و پەیوەندی و مەعریفەدا دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکانی کاریگەرییان هەبووە لە بوارەکانی وەک دەروونناسی، زمانەوانی ( Ortony1993,p11-12).

کە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان بیرۆکەکاندا دروست دەکەن، دوور لە لۆژیکی هۆکار و کاریگەریی توند، توانای داهێنان و تێگەیشتنێکی قووڵتریان هەیە، کە بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ لە خەوندا ڕەنگ دەداتەوە، واتا هەموو وێنەیەک پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو وێنانەی پێش خۆی و ئەوانەی بەدوایدا دێت هەیە.میتافۆر کاتێک سەرهەڵدەدات کە پەیوەستی هیچ ڕێساو یاساکان نەبن کە سنووردرایان بکەن و کۆنترۆڵیان بکەن و ڕێبازەکەیان سنووردار بکەن، چونکە خەیاڵ بە تەنها توانای بەدەستهێنانی بلیمەتی و بەرهەمهێنانی هەیە بۆ دروستکردنی میتافۆڕ، و کردنەوەی دەرگای داهێنان و جیاکاری بۆ هونەرمەندان بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی داهێنەرانە و هونەری بەرهەم بهێنن (فائزي، 2016، ل١٨٣-١٨٤).

کانت میتافۆری وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بەستنەوەی خەیاڵ و تێگەیشتن دەبینی. ئەو پێی وابوو کە میتافۆرەکان دوور لە یاسا توندەکان، ڕێگە بە گەشەکردنی داهێنان و زیرەکی دەدەن. میتافۆڕ لای(شۆپنهاوەر) تەنیا ئامێرێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندیی دیاردەکان، شۆپنهاوەر زۆرجار وێنەی خەونی وەک میتافۆڕێک بۆ خودی ژیان پیشان دەدات، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ژیان و خەون هەردووکیان دەرکەوتنی ئیرادەن، بەستراوەتەوە بە هۆکارگەرایی و یەک لە دوای یەک. ئەم میتافۆڕە جەخت لەسەر سروشتی خەیاڵی جیهان وەک جێگرەوە دەکاتەوە، سنوورەکانی نێوان واقیعی بێداری و خەونەکان کاڵ دەکاتەوە (شۆپنهاوەر، ٢٠٢١، ل١٠٩-١١٠).

میتافۆڕ لە فەلسەفەی (نیچە) وەک ناوەندی زانینی زمانی مرۆڤ دادەنرێت و دژایەتی ئە بۆچوونە نەریتییە دەکات کە میتافۆڕەکان ئامرازێکی لاوەکی زمانەوانی و هونەری بن. لە وتارەکەیدا لە بارەی ڕاستی و درۆوە بە مانایەکی نا ئەخلاقی باس لەوە دەکات هەموو زانینێک وەک میتافۆڕێک دەست پێدەکات، لە تێگەیشتنی هەستەوە دەست پێدەکات، کە هاندەرە دەرەکییەکان دەگۆڕدرێن بۆ وێنەی دەروونی جیا لە ئەزموونە ڕاستەوخۆکان. هەروەها ناونانی شتەکان پرۆسەیەکی میتافۆڕیە، چونکە وشەکان ئەزموونە ناوازەکان لە ژێر زاراوەی فراواندا سادە دەکەنەوە و پۆلین دەکەن، تاکایەتییان دەسڕنەوە. بۆ نموونە وشەی (دار) چەندین جۆری جیاوازی درەخت دەگرێتەوە، جیاوازییەکانیان کەمدەکاتەوە. نیچە ئەم پرۆسەیە بە (هاوکێشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نایەکسانەکان) ناودەبات، نیشانی دەدات زمان لەسەر میتافۆڕ بنیات نراوە نەوەک ڕاستی بابەتیی (Morchid and Hdouch 2024, p 55-57).

ئەم پشتبەستنە بە میتافۆڕ جەخت لەسەر بۆچونەکەی نیچە دەکاتەوە کە زمان ناتوانێت ڕاستی بابەتیی بگەیەنێت. جیا لەوە سوپایەکی جووڵاو لە میتافۆڕەکان دروست دەکات کە بەپێی پێویستی و دیدگاکانی مرۆڤ واقیع نزیک دەکەنەوە و دەیشێوێنن و دایدەڕێژنەوە.

## ٩.٣ - چەمکی میتافۆڕ لای بیرمەندانی هاوچەرخ:

میتافۆڕ پێشتر وەک پرسێکی زمانەوانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، کە شتێک بە شتێکی تر بەراورد دەکرێت دواتر یەکێک لەو دوو لایەنە دەسڕدرێتەوە، بۆ ئەوەی دواتر بەپێی نەبوونی یان بوونی یەکێک لەو دوو لایەنە پۆلێن بکرێت بۆ چەند جۆرێک، لێکچوونەکە لەبەرچاو دەگیرێت تارێکی بەستنەوەی نێوانیان و پێوەرە یەکلاکەرەوەی کوالیتی یان هەژارییەکەی (Ashurova and Galieva 2024, p 47-48).

لێکۆڵینەوەی مۆدێرن لە میتافۆڕ لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی ڕازاندنەوە بوو کە پەیوەندی بە میتافۆڕەوە هەبوو، وە بە شێوازێکی هونەری زمانەوانی نەبوی خۆجێیەتی لە دەقی ئەدەبیدا سەیردەکرد.

جیاوازتر لەوە بیروڕای(ماکس بلاک* ١٩٠٩-١٩٨٨ز) بە یەکێک لە دیارترین لایەنگرانی تیۆری کارلێکردنی میتافۆڕ دادەنرێت. ئاستی میتافۆڕی جیاکردەوە لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت وشەی فۆکەس، و ئەوەی ناوی لێناوە وشەی چوارچێوە، واتە باقی ڕستەکە. جەختی لەوە کردەوە کە وشەی فۆکەس دەستبەرداری هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەبێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندی دیکەی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها چوارچێوەکەش لە بەرامبەردا تووشی لەدەستدانی تایبەتمەندی و بەدەستهێنانی تایبەتمەندی جیاواز دەبێت لە ئەنجامی ئەو کارلێکەی کە لە نێوان فۆکەس و چوارچێوە ڕوودەدات. کەواتە کاتێک دەڵێین زەید شێرە ، شێر هەندێک لە تایبەتمەندییە

---

*ماکس بلاک (٢٤ی شوباتی ١٩٠٩ – ٢٧ی ئابی ١٩٨٨) فەیلەسوفێکی بەریتانی-ئەمریکی لەدایکبوی ئازەربایجان بووە و لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا کەسایەتییەکی پێشەنگی فەلسەفەی شیکاری بووە. بەشداری لە فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی بیرکاری و زانست و فەلسەفەی هونەردا کردووە(2024Lotha).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاژەڵییەکانی لەدەســـت دەدات بۆ ئەوەی تایبەتمەندی مرۆڤایەتی بەدەســـتبهێنێت و زەیدیش لە بەرامبەردا هەندێک لە تایبەتمەندییە مرۆییەکانی لەدەســـت دەدات بۆ ئەوەی تایبەتمەندی ئاژەڵی بەدەستبهێنێت (سلیم، 2001، ل62-63).

کەواتە بیروڕای بلاک نیشــان دەدات کە میتافۆڕ زیاترە لە جێگرەوەیەکی ســادە، لە ڕێگەی کارلێکی نێوان وشە و کۆنتێکستەوە مانای نوێ دروست دەکەن.

چەمکی میتافۆڕ لای (پاوڵ ڕیکۆر* ١٩١٣-٢٠٠٥) لە لێکۆڵینەوەکانیدا ســەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی میتافۆڕ لە چوارچێوەی مەیدانی واتاسازیی ڕستەدا پۆلێنی کردووە، بەو پێیەی دیاردەی جێگیرکردنە و ناونانی نییە، لە ماناســازیی ڕســتەکەدا هەڵکەوتووە و پەیوەندی بە واتاســازیی تاکە وشەیەکەوە نییە، نموونەیەک لە تێڕوانینەکەی ئەو کاتە بوو کە بینی دەڵێین (بەرگی خەمەکان) یان (نوێژە شـــینەکە) ئەوا ئێمە مامەڵە لەگەڵ دوو وشـــە دەکەین کە پەیوەندییەکی گرژیان هەیە و تێکەڵکردنیـان ئەوەیە کە میتـافۆڕێک پێکدەهێنێت. تیۆری پۆڵ ڕیکۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە میتـافۆڕ لەگرژی نێوان دوو وشـــەی نـاو بەیـاننـامەیەک و لێکدانەوە دژبەیەکەکانی ئەو لێدوانەدا ســـەرهەڵدەدات. میتافۆڕەکان لە بنەڕەتدا بوونیان نییە بەڵکو لە ڕێگەی لێکدانەوە ئاشـــکرا دەبن، پێویســتی بە ڕەتکردنەوەی مانا وشــەییەکان هەیە. بۆ نموونە لە دەســتەواژەکانی وەک (خەمەکان جل نین) یان (نوێژ شـــین نییە) تێگەیشـــتن لە میتافۆڕەکە پەیوەســـتە بە تێپەڕین لە پێناســـە زارەکییەکانی جل و بەرگ و شین (ریکور، 2003، ل٩٠).

هەوڵەکانی ڕیکۆر تێگەیشـتنمانی بۆ چەمکی میتافۆڕ گۆڕی، لە ڕێگەی زانسـتە مەعریفی و ئەزموونییەکانەوە. تێبینی لە سەر یاسا زمانەوانییە کۆنەکان هەبوو.

---

*ژان پۆڵ گوســتاف ڕیکۆر (١٩١٣-٢٠٠٥) فەیلەســوفێکی فەرەنســی بوو کە بەناوبانگ بوو بە تێکەڵکردنی دیاردەناســی لەگەڵ هێرمێنۆتیکدا، سەرنجی لەسەر لێکدانەوەی مانا لە ئەزموونی مرۆڤدا بوو(Ricoeur2003,p 5).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(جۆرج لاکۆف*١٩٤١) و (مارک جۆنسۆن*١٩٤٩) لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کتێبێکیان لە ژێر ناوی (ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیان دەژین)، بڵاوکردەوە، کە لەو کتێبەدا بۆچوون و دیدی دێرین و کلاسیکیان لەسەر میتافۆر خستە ژێر پرسیارەوە، بەم هەنگاوەیان توانیان ئاڕاستەیەکی نوێ بۆ میتافۆر بهێننە ئاراوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە توێژەران بە چاوێکی جیاواز و تازە مامەڵە لەگەڵ میتافۆردا بکەن، میتافۆریان بە زیاتر لە زمان پێناسە کردووە، هەروەها ڕەتی دەکەنەوە، میتافۆر تایبەت بکرێت بە شاعیران و نووسەران و ئەو کەسانەی، کە سەرقاڵی توێژینەوەی ڕەوانبێژیین، نیشانیاندا میتافۆڕ بە قووڵی بەستراوەتەوە بە ئەزموونی مرۆڤەوە. ئەوان بە سوود وەرگرتن لە دەروونناسی و زانستی مەعریفی و بوارەکانی دیکە، دەیانگوت کە میتافۆڕ لە کارلێکەکانمانەوە لەگەڵ جیهانی فیزیکی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا سەرهەڵدەدەن، جەخت ئەکەنەوە کە میتافۆر بە شێوەیەکی سروشتیی ناخود ئاگا بەرهەم دێت(سالّح، ٢٠٢٤،ل ١٥١).

هەردوو فەیلەسوفی ئەمریکی (لاکۆف و جۆنسن) بەو ئەنجامە گەیشتن کە میتافۆڕ پرۆسەیەکی دەروونییە کە پەیوەستە بە جەوهەری کاری بیرکردنەوە، هەروەها پەیوەستە بە چالاکی و کردار و بیرکردنەوەمانەوە، بەو پێیەی لە بواری زمانەوانی تێدەپەڕن بۆ بواری بیرکردنەوە، بەم شێوەیە جەوهەری میتافۆڕ لەوەدایە کە ڕێگە دەدات بە تێگەیشتن لە شتێک و ئەزموونکردنی یان ئازاردانی لەسەر بنەمای شتێکی تر (مارك ، 2009، ل23). وەک جۆرج لاکۆف ڕوونی دەکاتەوە، لە بەکارهێنانی تەقلیدی خۆی وەک ئامێرێکی زمانەوانی تێدەپەڕێت. نوێنەرایەتی چەمکێکی فراوانتر دەکات کە چوارچێوەی یان نموونەیەکی میتافۆڕی لەخۆدەگرێت کە چۆنیەتی

---

*جۆرج لاکۆف ساڵی ١٩٤١ لە ویلایەتی نیویۆرک لەدایکبووە، زماناس و فەیلەسوفێکی ناسراوی مەعریفی ئەمریکییە، زیاتر بە کارەکانی لەسەر تیۆری میتافۆڕی چەمکی و ڕۆڵی میتافۆڕەکان لە دارشتنی بیرکردنەوە و پەیوەندی مرۆڤدا ناسراوە (لیکوف، 2014، ل4).

*مارک جۆنسۆن فەیلەسوفێکی ئەمریکییە لە ساڵی١٩٤٩ لە ئەمریکا لەدایک بووە. پرۆفیسۆرە لە هونەر و زانستە لیبراڵەکان لە بەشی فەلسەفە لە زانکۆی ئۆریگۆن، بە کارەکانی لە زانستی مەعریفی و فەلسەفەدا ناسراوە، بەتایبەتی لە بواری تیۆری میتافۆڕی چەمکی(johnson1987,p 435).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێگەیشتنمان لە جیهان لە ئەستۆ دەگرن. ئەم نموونانە بە بەستنەوەی دوو بوار کاردەکەن، (بواری مەبەست)کە ئەو بابەتە لێکدەدرێتەوە و (بواری سەرچاوە)کە لە بیرۆکە و پەیوەندییە ئاشناکان پێکهاتووە. ئەم گواستنەوەی مانا لە بواریی سەرچاوەوە بۆ بواری ئامانج یارمەتی بنیاتنانی زانیاری و تێڕوانینێکی نوێ دەدات(جورج، 2005، ل12). هەر بۆیە لاكۆف و جۆنسۆن بە پێی تایبەتمەندیی هەردوو بواری چەمکی سەرچاوە و مەبەست، چەند جۆرێك لە چەمکی میتافۆڕیان دەستنیشان کردووە لەوانە:

- **یەکەم : میتافۆڕی ئاڕاستەیی** : (ژێر، ژوور، قووڵ، تەنك، و ناوەندی) بە پشتبەستن بە ئەزموونی جەستەیی مرۆڤ بەکاردەهێنێت.

- **دووم :میتافۆڕی پێکهاتەیی**: چەمکێک بە بەکارهێنانی پێکهاتەی چەمکێکی دیکە ڕوون دەکەنەوە، چوارچێوەیەکی ڕوونی پێدەبەخشن.

- **سێیەم : میتافۆڕی بووناسی**: بیرۆکەی ئەبستراکت (وەک هەست یان ڕووداوەکان) بە بەکارهێنانی شتە فیزیکییەکان و بەتایبەت بەشەکانی جەستەی مرۆڤ وەسف دەکەن. (ساڵح ٢٠٢٤, لا ١٥٣-١٥٥).

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تیۆری میتافۆڕی چەمکی لاکۆف و جۆنسۆن کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لە زانستە مەعریفیەکاندا.

### ١٠.٣- نوێنەرایەتی میتافۆڕ لە هونەردا:

میتافۆڕەکان لە هونەری وێنەکێشاندا وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ گۆڕینی تێگەیشتن لە ڕێگەی بەستنەوەی چەمکە جیاوازەکان یان هەستەکان لە ڕێگەی وێنەی هێمادارەوە کاردەکەن، بە پێچەوانەی میتافۆرە زارەکییەکان کە پشت بە بنیاتەکانی زمانەوانی دەبەستن، میتافۆرە بینراوەکان فۆرم و توخمەکان یەکدەخەن بۆ وروژاندنی مانای قووڵتر. وە میتافۆڕ لە زۆربەی هونەرەکاندا بوونی هەبووەو هونەرمەندان سودیان لێ بینیوەو لە کارە هونەریەکانیاندا بەکاریانهێناوە لەوانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١١.٣- میتافۆڕ لە هونەری کلاسیک:

میتافۆڕ وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستە ئەبستراکتەکان لە ڕێگەی وێنەی هێمادارەوە کاری دەکرد، کە نێوەندگیرێک بوو فۆرمەکانی بەرجەستە دەکرد لەگەڵ مانای قووڵتری فەلسەفی، ئەخلاقی، یان ڕۆحیدا دەبەستەوە. بۆ نموونە: لەگێڕانەوەی ئایینی هێماکانی وەک بەرخ و کۆتر و ڕووناکی بەکاردەهێنران بۆ وێناکردنی چیرۆکەکانیان، کە مانایەکی ڕۆحی قووڵتریان پێشکەش دەکرد لەوەی کە دەبیندرێت بە رووکەش، ئەم بەکارهێنانەی میتافۆڕ بە ئەنقەست و کاریگەر بووە، هەروەها هونەری کلاسیک پشتی بە (پەیوەندییە میتافۆڕیە ئاساییەکان) بەستووە بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی پەیامەکان بە شێوەیەکی گشتگیر تێبگەن، هونەرمەندان بە بەکارهێنانی ئەم هێما ئاشنایانە، کارگەلێکیان دروستکرد کە جارێک لە ڕووی بینراوەوە سەرنجڕاکێش بوون و جارێکی تریش لە ڕووی فیکرییەوە سەرنجڕاکێش بوون. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر زۆرجار لقە زەیتوونەکان گوزارشتیان لە هێمای ئاشتی دەکرد، لە کاتێکدا شێرەکان نوێنەرایەتی بوێری بوون. ئەم هێمایانە ئارەزوومەندانە نەبوون، لە نەریتە کولتووری و ئایینی و ئەفسانەییەکانەوە وەرگیرابوون (petrenko and Korotchenko 2012, p 535-536). لە وانە : تابلۆی(پریماڤێرا)ی (بۆتۆچێلی1477-1482) ڤینۆس وەک هێمایەک بۆ هەردوو جوانی زەمینی و خۆشەویستی خودایی بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا فیگەرەکانی دەوروبەر و مۆتیڤە گوڵییەکان تەوەری نوێبوونەوە و گۆڕانکاری و هاوسەنگی دەورووژێنن (شێوەی٥).

کەواتا میتافۆر لە هونەری کلاسـیکدا وەک ئامرازێک بۆ پەروەردە و چیرۆکگێڕانەوە کاری دەکرد. هونەرمەندان بە سـودوەرگرتن لە زمانێکی بینراوی هاوبەش، دەیانتوانی بیرۆکەی ئەبسـتراکت سەبارەت بە ئەخلاق و سروشتی مرۆڤ و خودایی بگەیەنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(شێوەی٥) تابلۆی پریماڤێرا ١٤٧٧بۆ ١٤٨٢ هونەمەند بۆتۆچێلی

## ١٢.٣- بەکارهێنانی میتافۆڕ لە هونەری ڕۆمانتیکدا:

هونەرمەندان ڕۆمانتیک میتافۆڕیان وەک زیاتر لە تەنها ئامرازێکی جوانیناســی بەکارهێنا، ئەوان بە شـتێکی بنەڕەتی بۆ داهێنان و ماناسـازیان دەزانی. بیرمەندان و هونەرمەندانی ڕۆمانتیک پێیان وابوو کە میتافۆڕ یارمەتیان دەدات هەسـتی قووڵی کەســی دەرببڕن و ئەم هەســتانە بە ڕاستییە گشتگیرەکانەوە ببەستنەوە. بە بەکارهێنانی میتافۆڕ، دەیانتوانی عەقڵی مرۆڤ بە جیهانی سـروشـتییەوە ببەسـتنەوە، بیرۆکە ئەبسـتراکتەکان بکەنە شـتێکی بەرجەسـتەتر، هەروەها ئەم بەکارهێنـانەی میتـافۆڕ ڕێگەی بە هونەرمەنـدەکـانی ئەو ســەردەمە داوە کە بیرۆکە و هەســتە ئاڵۆزەکان بکۆڵنەوە کە زمانی ڕستەیی نەیتوانیوە بە تەواوی بیپێکێت. بۆ ئەوان میتافۆڕ ڕێگەیەکی بەهێز بوو بۆ تیشک خستنە سەر پەیوەندییە شاراوەکان و دەربڕینی بەرز، ئەمەش وایکرد کە ببێتە توخمێکی سەرەکی هونەر و شیعرەکانیان (Abrams 1953, p 150-152).

گرنگیدانی سـەردەمی ڕۆمانتیک بە میتافۆڕ لە سـروشـت، زیاتر درێژبووەوە و ئەزموون و هەسـتەکانی مرۆڤی لەخۆگرتبوو. هونەرمەندانی وەک(ولیەم تێرنەر١٧٧٥-١٨٥١) ڕووناکی و ڕەنگیان بەکاردەهێنا بۆ گەیاندنی هەسـتی هیوا، نائومێدی، یان تێپەڕاندن. تابلۆی (تێمێراری شــەڕکەر) (شێوەی ٦) ولیەم تێرنەر هەم وێنایەکی ڕاستتی کەشتییەکەیە کە ڕادەکێشرێت و هەم میتافۆڕێکە بۆ تێپەڕبوونی کات و دابەزینی نەریتە کۆنەکان (KITTAY 1987, p 123-125).



(شێوەی٦) تابلۆی تێمێراری شەرکەر ١٨٣٨هونەرمەند تێرنەر

لە کۆتاییدا، میتافۆڕ لە هونەری ڕۆمانتیکدا ئامرازێکی قووڵی کەسی و دەربڕین بوو. هونەرمەندان بە بەکارهێنانی وێنەی سروشتی و سۆزداری هەوڵیان دەدا لەسەر ئاستی ڕۆحی و سۆزداری پەیوەندی لەگەڵ بینەراندا دروست بکەن.

### ١٣.٣- میتافۆر لە هونەری مۆدێرن:

میتافۆڕ ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هونەرمەندانی مۆدێرن کە مانای بەرفراوانتر لە دەرەوەی نوێنەرایەتی وشەیی بگەیەنن، سەرەتا بۆ جێگرتنەوەی وێناکردنی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرا بە فۆرم و ڕەنگی وەرگیراو کە قورسایی هێماسازی یان سۆزدارییان هەڵگرتبوو بۆ نموونە:

(سیمبۆلیزم ناوەڕاست تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە) نموونە: وەک هونەرمەند (پۆڵ گۆگان ١٨٤٨-١٩٠٣) میتافۆڕیان درێژکردەوە بۆ گەڕان بەدوای شتە بینراوەکانی ناو واقع، (گۆگان) بۆ هاوڕێیەکی دەنوسێت "هێندە لەسەر سروشت کار مەکە، کاتێ کە لە بەرامبەر سروشت دەبیت هەوڵدە خۆتی لێ ڕزگار کە، سروشت وەک ئامرزێک بۆ تێڕامان و چونە ناوەوەی خۆت بەکار بهێنە، بیر لەوە بکەرەوە کە بتوانی لە سروشتەوە بیکەی نەوەک کردنی خودی سروشت"(گارا٢٠٠٥، ل٤٤).بۆیە (مۆتیڤەکانی لە هونەری ژاپۆنی و ئەفریقی وەرگرت بۆ دروستکردنی پێکهاتەی پێشنیار و هێمادار "بۆ گۆگان مانای کەسی و سیمبولییانە گرنگییەکی زۆری هەیەو وێنەکیشانی جیهانی بینراوی ڕەتدەکردەوە، لە بری ئەوەی بایەخی بە یادەوەری هەست و سۆز دەدا، بۆ ئەوەی لە ئاستێکی قوڵتردا ببینن"(مەحمود٢٠١٧، ل١٦). وەک لە تابلۆی (لە کوێوە هاتووین؟ ئێمە چیین؟ بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کویٚ دەچین)وەک لە (شــێوەی٧) دا دیــارە، گۆگــان لە ڕێگــای میتــافۆڕی هێمــاکــانەوە دەگــاتە دونیابینینێکی جیاوازتر لەوەی کە لە سروشت هەستی پێدەکەین.

بە هەمان شـێوە (کۆبیزم ١٩٠٧-١٩١٤) کە ڕەهەندە سـروشـتیەکان لە توخمی جیا جیاوە بۆ شــێوەی ئەنـدازەیی دەگوازێتەوە، نموونەی هونەرمەنـدانی وەک (پـابلۆ پیکـاســۆ١٨٨١-١٩٧٣) فۆرمەکانیان پارچە پارچە کردووە بۆ شــێوەی ئەندازەیی بۆ ئەوەی هێمای چەندین دیدگا بن، کە نموونەی وەک تابلۆی (خانمانی ئەڤینۆن) لە (شێوەی٨) دا دەبینیدرێت (گارا٢٠٠٥، ل١٢٩).

هونەری (ئەبستراکت ١٩١٠تا ئەمڕۆش بەردەوامە) کار لەسەر داماڵینی شێوەکان دەکات و بۆ کرۆکی شــتەکـان دەگەڕێتەوە، لەنموونەی هونەرمەنـدانی ئەبســتراکـت وەک (ڤـاســلی کاندنســکی١٨٦٦-١٩٤٤) تابلۆکانی بە کاریگەرییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە تێکەڵ کردووە، ڕەنگ و فۆرم وەک میتافۆڕێک بۆ ئەزموونە رۆحی و ســۆزدارییەکان بەکارهێناوە، وە ئەو جۆرە ئەبســتراکتەی کاندنسـکی کاری لەسـەر کردووە شـێوە ئۆرگانی بووە کە ئەمەش ئاشـکرایە شـێوە ئۆرگانی زیاتر پەیوەندی بە بە دنیای ناوەوە هەیە، بۆیە کاندنسکی زیاتر هونەرمەندی هەست و رۆح بووە وەک لە عەقڵ (گارا٢٠٠٥، ل٢٦٣). کە نموونەی وەک تابلۆی (خۆکرد) لە (شێوەی٩) دا دەبینیدرێت.

بۆیە لە کۆتای دەتوانین بڵێین کە میتافۆڕ ئامرازێکی گرینگی هونەری مۆدێرنە و بەشـێکی دانەبراوی گشت دەربرینە هونەریەکانە جا بە هەر شێوازێک هونەرمەند کاری لەسەر بکات.





(شــێوەی٧) تابلۆی لە کوێوە هاتووین ئێمە چیین بۆ کوێ دەچین ١٨٩٨هونەرمەند گۆگان (شــێوەی٨) تابلۆی خانمانی ئەڤینۆن ١٩٠٧هونەرمەند پابلۆ پیکاســۆ
(شێوەی٩) تابلۆی خۆکردن ١٩١١ ڤاسلی کاندنسکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١٤.٣- هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی هونەرمەندانی هەولێر:

هونەرمەند (دانیال قەصاب ١٩١٣-٢٠٠٠) بە یەکەمین هونەرمەندی و پێشەنگی شێوەکاری دادەندرێت لە شاری هەولێر کە تابلۆکانی لە دوای خۆی لای خانەوادەکانی شاری هەولێر مابێتەوە، دانیاڵ سەرەتا بە کاری هونەری تەقلید دەستی پێکرد دواتر لە ساڵی (١٩٤٠) بەولاوە دەستی کردە داهێنانی خۆی، بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی گشتی دەچنە سەر ڕێبازی ڕیالیزم، یەکەم نیگارکێشە بە شێوەیەکی هاوچەرخ و ئەوروپایی کاری کردبێت، نیگاری لە خۆرسکی ڕزگارکردبێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی وە سەرچاوەی بیرۆکەی تابلۆکانی لە سروشت و کەلتووری کوردی میتافۆڕکردووە، بابەتەکانیشی دیمەنی ژیانی کوردستان و بابەتی دەشتی هەولێر بوون (پیرباڵ، ٢٠٠٦، ل٩٠-٩١). بە نموونە تابلۆی دەرگای قەڵای هەولێر(شێوەی١٠).

هەروەها هونەرمەند (محەمەد عارف ١٩٣٧-٢٠٠٩) لەو هونەرمەندانە هەژماردەکرێت کە لێزانانە هێماکانی میتافۆڕکردووە، هەر وەک خۆی دەڵێ"بەکارهێنانی (هێما)واتە (رمز یاخود سیمبول) لە هەموو حاڵەتێک بەکار ناهێنرێ، بەڵکو لە کاتێکی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە لە زەمینەیەکی نا ئاسوودەی گشتیدا، کە سەربەستی و ئازادی نییە، لە وانەیە ڕوو لە سیمبوڵ بکات بەڵام ئەوە مافی هونەرمەندیشەکە لە هەر کات و زەمانێکیش ڕوو بکاتە بەکارهێنانی هێما، واتا هێما ئامرازیکە لە ئامرازە هەمەجۆر و دەوڵەمەندەکان کە هونەرمەند بەکاری دەهێنی"(سەعید، ٢٠٠٤، ل١٦٤). جێگای سەرنجە محەممەد عارف بابەتەکانی گشتگیرە بەڵام  بابەتە فۆلکلۆری و مێژوویەکان شارە دێرینەکان و ڕەنگە سادەکانی وەک هێما میتافۆڕەکان بەکارهێناوە بۆ بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا(شێوەی١١).

(دارا محەمەد علی١٩٥٠) یەکێکی ترە لەو هونەرمەندانەی کە هێما بە درێژای هەموو ئەو قۆناغانەی کە هونەرمەند کاری تێداکردووە سەنگی خۆی هەبووە، بایەخی تایبەتی پێداوە. نموونەی ئەو بابەتانەی کە زۆر کاری لەسەر کردووە ئاوێنەیە نموونە (شێوەی١٢) هونەرمەند خۆی دەڵێ" بۆچوونی من بۆ ئاوێنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، خوێندنەوەی ناخی ئاوێنە و شیکردنەوەی دیوەکەی تری لام زۆر گرینگە وە بەکارهێنانیشی لە تابلۆکانمدا لاوازی و بەهێزی سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ وەدەر دەخا، سیمبوڵی ئاوێنەی نێو تابلۆکانم کێشەی ژیانێکی ئەبەدییە، دوور نیە وەکو گەڕانەوەیەک بێت بۆ قۆناغی منداڵیم، ئەوکاتەی باوکم دارتاش بوو ئەمبینی چۆن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سندوقی کوردەواری فۆلکلۆری دروست دەکرد، بە شووشەو ئاوێنە ڕەنگڕێژی دەکرد و دەیڕازاندەوە"(عەلی، ٢٠٠٣، ل٤٣-٤٤)

دارا محەمەد عەلی ئاوێنەی وەک هێمای یادەوەری و ناسنامە میتافۆڕکردووە، کە ڕەنگدانەوەی میراتی کەسی و کولتووری میلەتەکەیەتی.





(شێوەی١٠) تابلۆی دەرگای قەڵا هونەرمەند (دانیاڵ قەصاب)١٩٤٦(شێوەی١١) گەڕانەوە بۆ پیشەیەکی کۆن، هونەرمەند (محەمەد عارف)
(شێوەی١٢) تابلۆی دیوێکی تری ئاوێنە هونەرمەند دارا محەمەد علی٢٠٠٠

هەروەها هونەرمەند (حەمید جەماڵ*١٩٥٤) یەکێکی ترە لە هونەرمەندانە هەمیشە هێما لە کارە هونەریەکانی ئامادەییەکی زۆر هەیە، ئەو کەرەستانەی وەک هێما میتافۆڕەکان بەکاریهێناوە بە جۆرێک دووبارە دایاندەڕێژێتەوە  وەک ئەوەی خۆی مەبەستی بێت. دەتوانین نموونەی هەندێک لەو هێما میتافۆڕانە دەستنیشان بکەین کە هونەرمەند خۆی ئاماژەی پێکردووە لەوانە گونییە داخراوەکان وەک هێمایەک بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات و توند و تیژی و تاریکخوازی بیر تەسکەکان دەکات، نموونە (شێوەی١٣) یان هێمای ماری ڕەش وەک هێمای پاکی، چەندانی تر بۆیە هونەرمەند حەمید جەمال دەڵێ :دانانی هەر هێمایێک لای من زیاتر تێڕامانە نەک تەماشا کردن

* حەمید جەمال، هونەرمەندێکی بینراوی کوردە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی شەقڵاوە سەر بە شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان لە دایکبووە. گەشتە هونەریەکەی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد و لەو کاتەوە بۆتە کەسایەتییەکی بەرچاو لە هونەری هاوچەرخی کوردیدا. کارەکانی جەمال زۆرجار بەدواداچوون بۆ تەوەری ناسنامەی کولتووری و نەریت و گۆڕانکاری دەکات، بە بەکارهێنانی توخمە ڕەمزیەکان بۆ گەیاندنی گێڕانەوەی ئاڵۆزلە ساڵی 1998 گەلەری کوردستانی لەسەر قەڵای هەولێر و لە ساڵی 2008 گەلەری مێرگ لە هەولێر دامەزراندووە(عومەر، ٢٠١٥).

(جەمال، ٢٠٠٨، ل٤٠-٤٧). وە لە ڕێگەی ئەم زمانە هێما سازیەوە ڕەخنە لە سنووردارکردنی کۆمەڵگا دەگرێت و فۆڕمە باوەکانیش دەگۆڕێت بۆ دەربڕینەکانی، هەروەها هونەرمەند (محەمەد هاشم* ١٩٧٣) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی دەتوانین بلێین بە پێی گۆڕانکاری لە شێواز و جۆری کارکردنی بەڵام فیگەر و هێما میتافۆرەکان هەمیشە بەردەوامیان هەبووە لە تابلۆکانی ئەگەر چی تابلۆکانی بەرەو ئەبستڕکتی دەربڕینخوازی ڕۆیشتوون.هونەرمەند محەمەد هاشم لە ڕێگای (میتۆلۆژیا*) هێما میتافۆڕەکان دووبارە لە تابلۆکانی بەکاردەهێنێتەوە، نموونە (شێوەی١٤) هەروەها لەم بارەیەوە دەڵێ"میتۆلۆژیا سەرچاوەیەکی بێکۆتاییە بۆ هێما و واتای قووڵ کە پەیوەندی بە نەستی بەکۆمەڵەوە هەیە، کاتێک لە هونەری ئەبستراکتدا بەکاردێت، دەبێتە هێزێکی گەورە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی ناتوانرێت بە سادەیی گوزارشتیان لێ بکرێت" (هاشم، ٢٠٢٥). وەک لە تابلۆکەیدا دیارە گای سوور و فیگەری مرۆڤەکان پەیوەندییان بە چیرۆکە کۆنەکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە. وە بۆ تێکەڵکردنی فۆرمە میتۆلۆژییەکان لەگەڵ پانتایی ئەبستراکتدا هونەرمەند محەمەد هاشم دەڵێ" ئەم تێکەڵکردنە ڕێگە بە هونەرمەند دەدات پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ڕابردووی دوور و ئەزموونی هاوچەرخدا. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیالۆگێکی بەردەوام لە نێوان مێژووی کولتووری و دەربڕینی کەسیدا، کاتێک ئەبستراکت و میتۆلۆژیا تێکەڵ دەبن، وەک لە کارەکەدا دیارە، هونەرمەند دەتوانێت هاوکات بە دوو ئاستدا بجووڵێت، ئاستی فیزیکی و هەستپێکراو (ڕەنگ، فۆرم، هێڵ) و ئاستی مەعنەوی و چیرۆکێ کە پشت بە پێشینەی کولتووری دەبەستێت"(هاشم، ٢٠٢٥).

---

* محەمەد هاشم هونەرمەندێکی کوردە لە ساڵی ١٩٧٣لە شاری کۆیە لە دایک بووە ساڵی ١٩٩٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێری تەواو کردووە، لە چەندین گروپی هونەری بەشدار بووە وەک گروپی ڕێما، گروپی ١٠ هونەرمەند، خاوەن جەندین پیشانگای تایبەتی و هاوبەسە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان ئێستاش وەک مامۆستا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بەدەوامە(هاشم، ٢٠٢٥)

* میتۆلۆژیا بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چیرۆکە کۆنەکان دەربارەی خوداوەندەکان و پاڵەوانەکان و سروشت کە بۆ ڕوونکردنەوەی جیهان و ئەزموونی مرۆڤ دروستکراون فەیلەسوفانی یۆنانی لەوانە ئەیۆنا دەڵێ میتۆلۆژیا ڕمووز و نیشانەیەکە بۆ ئەو شتە نەفسی و ئەخلاقییانە کە لە ئادەمیزاددا هەیە(سجادی، ٢٠١٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتا لای هونەرمەند محەمەد هاشم هێما میتافۆرەکان کە لە ڕێگای میثۆلۆژیا وەرگیراوە بووەتە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونی مرۆیی کە دەتوانرێت چیرۆکێک بگێڕێتەوە کە هەم تایبەتە و هەم گشتگیرە، هەمیش کۆنە و هاوچەرخە.



(شێوەی١٣) تابلۆی هونەرمەند حەمید جەمال٢٠٠٧



(شێوەی١٤) تابلۆی هونەرمەند محەمەد هاشم ٢٠٢٥

هونەرمەندان بە سوود وەرگرتن لە دیرۆکی کۆن و هێما دێرینەکانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا هەست بە پەیوەندییەکی بەهێز دەکەن بەم کولتووره دێرینە، چونکە بەشێکە لە خاک و مێژووی خۆیان، بە بەکارهێنانی ئەم هێمایانە ڕێز بۆ باوك وباپیرانیان پیشان دەدەن و کولتوورەکەیان بە زیندووی دەهێڵنەوە، بە نموونە هونەرمەند (توانا یەحیا مەرجان) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە میتافۆرکردنی هێما کۆنەکانی هونەری سۆمەریەکان لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا دەمانباتەوە بۆ ئەزمونێکی (ئارکیۆلۆجی*) هونەرمەند تونا مەرجان لە تابلۆی ئافرەتی کورد کە لە (شێوەی١٥) دەبیندرێت کە چەند هێمایەکی میتافۆڕکردووە لەوانە سەرکە گای سەر ئامێری قیسارەی ئۆور و سندوقی نەخشێنراوی سۆمەری و جلو بەرگی کوردی تێکەڵکردووە لە یەك تابلۆدا، بیگومان هونەرمەند بە مەبەست ئەو هێمایانەی میتافۆرکردووە هەر وەک خۆی دەڵێ"گەلی کورد بەشێکی گرینگ بووە لە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا بە بەڵگەی ئەوەی زۆرینەی ئەو پارچە و شوێنەوارە هونەریانەی کە ماوەتەوە بە تایبەتی ئەوانەی لە بەردی گەورە دروستکراوە وەک گای باڵدار، ئێستاش لە ناوچەی (خنس)ی قەزای شێخان سەر بە پارێزگای دهۆك دەبیندرێت، ئەمەش

* ئارکیۆلۆجی: لێکۆڵینەوەی زانستی لە پاشماوە و پەیکەرەکانی ڕابردووی دوور(میراودەلی، ٢٠٢١، ل٣٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوە دەردەخات کە لە ناوچە شـاخاویەکانی لای خۆمان سـودیان لە بەرد و کەرەسـتەکانیان وەرگرتووە، چونکە لە ناوەڕاست و باشووری عیراق داری خورما و خوێ و دوو ڕووبارەکەی دیجلەو فوڕات هەیە و بەردی گەورەش لە کوردستاندا هەیە وە باش مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەردە گەورانە هەر خەڵکی ناوچەکە شـارەزایی باشـیان لەسـەر تاشـینی هەیە، بۆیە بە بەشـێک لە مێژووی میلەتەکەی خۆمی دەزانم دەمەوێت دووبارە لە تابڵۆکانم بەکاریان بهێنم"(مەرجان، ٢٠٢٥).

کەواتـا بە بۆچونی هونەرمەنـد (توانا مەرجـان) پـارێزگـاری کردن لە دیرۆك ومێژوو خزمەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و بە ئەرکی هونەرمەند دەزانی، هەموو ئەمانەش لە ڕێگای هێما میتافۆڕەکان.

هەندێك جار بەشـێك لە هونەرمەندان بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەنیان پەنا بۆ میتافۆڕکردنی هەندێک هێما دەبەن لە دەرەوەی کلتووری خۆیان، بۆ نموونە هونەرمەند (جەمال حەمەدەمین* ١٩٧٤) لە تابلۆی فیل (شـێوەی١٦)، هێمای فیل کە هێمایەکی خوازراوە، بەڵام هونەرمەند جەمال دەربارەی ئەو هێما میتافۆڕە دەڵێ" هێمای فیل نامۆیە بۆ ئێمەی کورد لە دەرەوەی کلتوی ئێمەیە، بەڵام تەواوکەری بیرۆکەی تابلۆکەم بوو، هێمای فیل بە شیوازێک لە تێکستە ئاینیەکانەوە بۆ ئێمەی موسـڵمان هاتووە، بە پێچەوانەی هەموو ماناکانی تری هێمای فیل من وەک هێمای ترس بەکارم هێناوە " (حەمەدەمین، ٢٠٢٥). لێرەدا هونەرمەندانی کورد توانیویانە هێمای میتافۆڕی کولتووری بگۆڕن بۆ دەربڕینی کەسـی و کۆمەڵایەتی، وە بە گرینگیشـی نازانن میتافۆڕکردنی هێماکان هەر لە چواردەوری خۆیان بێت.

لە هەمان کاتدا هونەرمەند (شـوکر سـەعید* ١٩٧٩) لە تابلۆکانیدا جەخت لەسـەر گرنگی هێما دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی مانادار و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، لە ڕێگای هێما

---

* جەمال حەمەدەمین هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردە لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هونەرمەندیکی خۆرسکە لە تەمەنی ١٠ ساڵیەوە خەریکی شیوەکارییە بە زۆر شێوازی جیاواز کار دەکات، بەڵام زۆرینەی کارەکانی بە شێوازی سوریالیزمە (حەمەدەمین، ٢٠٢٥).

* شـوکر سـەعید: هونەرمەندێکی کوردە و لە سـاڵی 1979 لە شـاری هەولێر لە دایک بووە،سـاڵی 2000 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی گروپی نەورەستیان دامەزراند،لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ وەک بەڕێوەبەری مۆنتاژ و دیزاین لە گۆڤاری شێوەکاری کاری کردووە(سەعید، ٢٠٢٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتافۆڕەکان. لە تابڵۆکانی هونەرمەند شــوکر هێما متافۆرەکان توخمە جوانیناســیە باوەکان تێدەپەڕێنن و لەگەڵ تەوەری قووڵتر و بابەتی ئەزموونی مرۆڤ هاوتا دەبن، نموونە تابڵۆی (کۆیلەی پیرۆز) (شــێوەی١٧) (ســەعید، ٢٠٢٥). هونەرمەند شــوکر دەڵێ" لای من هێما میتافۆڕییەکان لە هونەردا جەوهەرین، چونکە ڕێگە دەدەن بیرۆکە و هەســـت و ڕەخنە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان بە شــێوەیەکی بینراو و چڕ دەرببڕدرێن. ئەوان پردێک لە نێوان بینراو و نەبینراودا دروســت دەکەن، یارمەتی بینەران دەدەن کە بەبێ پێویســتی بە ووشــە خەریکی مانا قووڵترەکان بن. لە ڕێگەی هێماکانەوە، هەوڵی ئەوە دەدەم تەحەدای تێگەیشتن بدەم، بینەر بورووژێنم. بەکارهێنانی هەر یەک لەو هێمایانە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی مانا لای خۆم سەرەتا دواتر بینەر"(سەعید، ٢٠٢٥).



(شێوەی١٥) تابڵۆی ئافرەتی کورد
هونەرمەند توانا مەرجان ٢٠١٤



(شێوەی١٦) تابڵۆی فیل
هونەرمەند جەمال حەمەدەمین ٢٠١٦



(شێوەی١٧) تابڵۆی
کۆیلەی پیرۆز شوکر سەعید٢٠٠٥

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین بەکارهێنانی هێما میتافۆڕەکان لای هونەرمەندانی هەولێر بە سوود وەرگرتن لە ژینگەو سروشتی گۆڕینی فۆرمەکانی نەریتی بۆ بابەتی نوێ دەستپیدەکات، بۆ دەربڕین بابەتەکانی کەسی و ڕۆحی ستەملێکراو و خەباتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئاماژەکانی چێوەی تیۆری توێژینەوە:**

دوای لێکۆڵینەوە لە چەمک و گرنگی هێما میتافۆرەکان لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، توێژەر چەند ئاماژەیەکی بەدەستهێنا کە یارمەتیدەرن بۆ شرۆڤەکردنی ئەو نموونانەی بەشی سێهەم، هەروەها دەکرێت ئاماژەکان توخمێکی هاوکاربێت بۆ توێژەر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەرکی هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) خاڵە سەرەکییەکان بریتین لە:

1. کەڵک وەردەگیرێت لە بیرۆکەی فەیلەسوفەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ و کانت و نیچە و کاسیر و لانگەر. ئەم ئاماژانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە چۆن میتافۆر و هێما دەتوانن بیرۆکەکان لە دەرەوەی زمانی ڕاستەوخۆ دەربڕن و بۆچی ئامرازێکی بەهێزن لە هونەردا.
2. ئاماژە بە تیۆرییەکانی نیشانە و هێماکانی زمانناسانی وەک (فێردیناند دی سۆسۆر) دەکات، هەروەها پاڵپشتی لە لێکدانەوە دەکات کە چۆن هونەرمەندانی کورد هێما میتافۆرەکان وەک زمانی بینراو بۆ گەیاندنی ناسنامەی کولتووری و مێژوو و یادەوەری بەکاردەهێنن.
3. توێژینەوەکە ئاماژە بە مێژووی هونەری ئەوروپی و بزووتنەوەکانی وەک (سیمبۆلیزم، سوریالیزم و ئێکسپرێشنیزم) و هەروەها بۆ هونەرمەندەکانی وەک (ڤان گۆگ)و (گوستاڤ مۆریۆ) و (ئێدڤارد مونش) و(سەلڤادۆر دالی) بەکاردەهێنێت. ئەم ئاماژانە یارمەتیدەرن بۆ بەستنەوەی نیگارکێشی مۆدێرنی کوردی بە هونەرییە جیهانییەکان.
4. تیۆرییەکانی (کارل یۆنگ) کە باس لە هێما کولتووری و سروشتییەکان و نائاگایی بەکۆمەڵ دەکەن. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بۆچی هەندێک هێما لە هونەری کوردیدا دووبارە دەبنەوە و چۆن مانایەکی کولتووری هاوبەشیان هەڵگرتووە.
5. لێکۆڵینەوەکە پشت بە ئاماژەکان دەبەستێت سەبارەت بە میراتی کورد، مێژوو و بەرهەمەکانی خودی هونەرمەندانی کورد بۆ ئەوەی پیشان بدات کە چۆن هێما میتافۆرەکان ڕەگ و ڕیشەیان لە ئەزموونی ناوخۆیی و یادەوەری بەکۆمەڵدا هەیە.

## ٤- بەجێهێنانی توێژینەوە:

**١.٤- کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک هاتووە لە باسکردنی تیۆرە چەمکی و فەلسەفیەکانی هێما و میتافۆڕ وە لە چەند کارێکی هونەریی هونەرمەندانی جیهان و هونەمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(قەرەنی جەمیل*١٩٥٤)کەلە ســنووری بەکارهێنانی هێما میتافۆڕەکان کاریان کردووە بەتایبەتی فۆکس خراوەتە سـەر هونەری کلاسـیک و ڕۆمانتیک و ڕێبازە مۆدێرنەکان، لەم توێژینەوەیەدا هێما میتافۆڕەکان لە تابلۆی قەرەنی جەمیل، وەرگیراوە کە پێک هاتوون لە (٢) تابلۆ بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی کارە هونەرییەکانی بە پێی سنووری توێژینەوەکە کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧ تا ٢٠٢٢، لەسنوری جوگرافی پارێزگای هەولێر.

### ٢.٤- نمونەی توێژینەوە:

نمىوونەی توێژینەوەکە بەپێی بەرهەم هێنان و بوونیان لەو کاتەدا وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو پێوەر و ئاماژانە لە بەرچاو گیراون کە چوارچێوەی تیۆرەییەکە پێی گەیشتووە، تا گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندێتیی چوارچێوەی تیۆری، کە تیایدا کاری هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) شیکراوە ئەوانیش بریتین لە بەرهەمی(بوراق) لەگەڵ بەرهەمی (ئینسانی وەهمی وەهمی شارستانیەت)و (ئارکیۆلۆژیای کات و شوێن).

### ٣.٤- ئامرازی توێژینەوەکە:

پشتبەست بەو پێوەر و ئاماژە هونەرییانەی کە لە کۆتایی کۆی چوارچێوە تیۆرییەکەدا پێی گەیشتووە بەو هۆکارەی ئامرازێک بن بۆ توێژینەوە کە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت، بەم ڕێژەیی لای خوارەوە کارەکان ئەنجامدراوان:

* قەرەنی جەمیل حەسـەن هونەرمەندی شـێوەکار لە سـاڵی ١٩٥٤لە هەولێر لە دایک بووە، لە سـاڵی ١٩٧٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی ڕۆستێ دەبێتە مامۆستا، دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە ئیتاڵیا تا ساڵی ١٩٨٤هەر لە هونەر کاری کردووە و پێی ژیاوە، لە ساڵی ١٩٨٤ ڕوو لە ئیسپانیا دەکات تا ساڵی ٢٠٠٢، لە نێوان ئەم سـاڵانە چوار سـاڵ لە هۆڵەندا ژیاوە پاشـان گەراوەتەوە ئیسـپانیا، لە سـاڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە کوردسـتان گۆڤاری شـێوەکاری دادەمەزرێنێت و وەک سـەرنووسـەر دەسـت بەکار دەبێت و (٣٢) ژمارەی لێ دەردەچێ، وە خاوەنی ١١ پێشانگای تایبەتە و چەندان پێشانگای هاوبەشە لە هەر یەک لە وڵاتەکانی (عیراق، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئینگلتەرا، هۆڵەندا، بەلجیکا، دانیمارک، نەمسا، پۆڵۆنیا ) وە تا ئێستاش هونەرمەند لە ستۆدیۆکەی خۆی لە شاری هەولێر بەردەوامە لە کاری هونەری(جەمیل، ٢٠١٢، ل٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١/وەسفی تابلۆ ٢/سەرچاوە هزرییەکان ٣/کەرەستەو شێواز ٤/هێما میتافۆڕەکان. ٥/گوتاری ڕاگەیەنەر.

**٤.٤- هۆکارەکانی هەڵبژاردن**

: ئاماژە بە سنوورەکانی کات بەهۆی گۆڕانکاری و گەشەکردنی پێگەی هێما میتافۆرەکان لە تابلۆی قەرەنی جەمیل لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٢٠١٦، زیادبوونی بەکارهێنانی هێما میتافۆرەکان لەچوارچێوەی بزووتنەوە هونەریی مۆدێرن و بەرهەمهێنانی کاری هونەری ڕەخنەگرانە لە سنووری بەکارهێنانی هێما میتافۆڕەکاندا.

**٥.٤- میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە (میتۆدی وەسفی شیکاری) بەکارهێنراوە، بەهۆکاری ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و دەگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

**٦.٤- شیکردنەوەی نمونەکان:**

**١.٦.٤ نموونەی یەکەم:**

| | |
|---|---|
| نموونەی (١) |  |
| ناوی هونەرمەند: قەرەنی جەمیل | |
| ناونیشانی تابلۆ: بوڕاق | |
| قەبارە: ٩٥X١٠٢سم | |
| کەرەستە: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس | |
| ساڵی دورستکردن: ١٩٧٨ | |
| شوێنی تابلۆیەکە: خاوەندارێتی هونەرمەند | |

**- وەسفی تابڵۆ:** ئەم تابلۆیە شێوەی ستونی وەرگرتووە، لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا بوونەوەرێکی ئاوێتە(کائن مرکب)گەورە ی باڵدار بەدی دەکرێت لە شێوەی مێینە دەردەکەوێ کە ڕووخساری مرۆڤ و جەستەی لە شێوەی ئەسپە دایە، لە خوارەوە بەسەر ئێسکەپەیکەرە هاوشێوەکانیدا هەڵدەگرێت، بوونەوەرە ئاوێتەکە وەك پارێزەر دەردەکەوێت، قاچەکانی بۆ پێشەوە بەرزکردۆتەوە و چاوەکانی خەمخۆریان پێوە دیارە و بەرەو خوارەوە دەڕوانن، بەشی خوارەوەی تابلۆکە تاریکە و پڕە لە فۆرم و ئێسکی شێواوی هاوشێوەی مرۆڤ دەچێ.

**- سەرچاوە هزرییەکان:** زۆر جار کارە هونەرییەکانی هونەرمەند(قەرەنی جەمیل) ئیلهامیان لە مێژوو و ئەفسانەو یادەوەریەکان وەرگرتووە. ئەو بوونەوەرە لە تێکستی ئیسڕاو میعراجدابە ناوی (بوڕاق)لە فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) هاتووە، بەڵام لێرەدا هونەرمەند ماناکەی بە شێوازێکی تر باس دەکات، هەوڵی داوە سەرچاوە فیکرییەکانی لە سیمبولیزمی ئایینی و مێژووی هاوچەرخی ئازارەکانی کورد لەخۆ بگرن، بەتایبەتی پەیوەست بە شەڕ و نەهامەتیەکانی گەلی کورد.

**- کەرەستە و شێواز:** پێکهاتەی تابلۆکە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس دروستکراوە، کە بە شێوازی دەربرینخوازی سیمبولیزم دروستی کردووە، وە سودی لەو بوونەوەرانە وەرگرتووە کە لە واقعدا هەن بە ڕووخساری مرۆڤەوە، بەڵام فۆرمەکان دەقاو دەق واقیعی نین پڕن لە جوڵەو ڕەنگ و هێما، بەتایبەتی لە جیاوازی ڕەنگی نێوان بونەوەری بوڕاقی گەشاوە و ئاسمانەکە و لە خوارەوەش ئێسکەپەیکەرە تاریک و خاکییەکان، هونەرمەند هێڵی ئەستوور و پێکهاتەی دینامیکی بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی گرژی و ڕاکێشانی چاوی بینەر بۆ بیرۆکەو هەستی تابڵۆکەی.

**- هێما میتافۆرەکان:** هونەرمەند هێماکانی لە خزمەت بیرۆکەی تایبەتی خۆی میتافۆڕکردووە، بوڕاق هێمایەکی بەهێزی ڕزگاری و هێزی ئیلاهییە، هەر بۆیە هونەمەند هێمای بوڕاقی میتافۆڕکردووە بۆ گوزارشت کردن لە هیواو  خەبات و بەرخۆدانی میللەتی کورد، پەیامەکەی هەڵگری مانای ڕوحی گەلێک دەکات کە لە ناوناچێت و هەڵدەستێتەوە، هەروەها ئێسکەپەیکەرەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک هێما میتافۆڕکردووە بە مانای قوربانیدان لە پێناو نیشـــتیمان و بەکارهێنانی توند و تیژی لە لایەن دوژمنانەوە بە مانای مێژووی ونبوونی کورد دێت ڕەنگە جوڵەی بەرەو ســـەرەوەی بوڕاقەکە هێمای لەدایکبوونەوە، ئازادی، یان گەشـتێکی ڕۆح بێت، بەکارهێنان و میتافۆڕکردنی باڵ دەتوانێت وەک هێمایەک بۆ دەربازبوون لە ئازارەکان لێی تێبگەین، لە کاتێکدا ڕووخســـاری مرۆڤی خەمباری بوڕاق ئەفسانەکە دەکاتە بابەتێکی کەسی و سۆزداری.

**- گوتاری ڕاگەیەنەر:** هونەرمەند لەم تابلۆیەیدا ســـود لە تێکســـتی ئاینی هێماکان میتافۆڕدەکات، ئەمەش بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک دەربارەی ئازار و بەرخۆدان و هیوا، بە گۆڕینی مانای هێمایەکی ناسراوی وەک بوڕاق، ئازاری میللەتی کورد بە خەونی ئازادییەوە دەبەستێتەوە، جوڵەی فۆڕمەکان و ڕەنگ و تۆنە تاریکەکان و هێڵی بەهێز یارمەتیدەرن بۆ دەربڕینی هەســـت و ســـۆزی هونەرمەند، تابلۆکە ڕابردووی قورسمان بیردەخاتەوە کە ساڵەهای ساڵ میللەتەکەمان بە دەست دوژمنانیەوە دەناڵێنێت، بەڵام هێزێکی ڕۆحییش پیشـــان دەدات کە هەوڵی بەرزبوونەوەی دەدات، هونەرمەند لە ڕێگەی ئەو تابلۆیە یادەوەری دەکاتە پەیامێکی بەهێزی مانەوە و هیوا لە داهاتوو.

### ٢.٦.٤ نموونەی دووەم:

| نموونەی (٢) |
|---|
| ناوی هونەرمەند: قەرەنی جەمیل |
| ناونیشانی تابلۆ: بێ ناونیشان |
| قەبارە: ١٣٠X١٠٠سم |
| کەرەستە: ڕەنگی ئەکریلیك لەسەر کانڤاس |
| ساڵی دورستکردن:٢٠٠٣ |
| شـــوێنی تـابلـۆ: خـاوەنـداریەتی هونەرمەند |



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**- وەسفی تابلۆ:** هونەرمەند تابلۆکەی لە باری ئاسۆیی دروستکردووە، دیمەنێکی فراوان و وشک و چۆڵ نیشـــان دەدات، ڕێگایەکی پێچاوپێچ لە ژێر ئاســـمانێکی کاڵدا بەرەو دوور دەڕوات و لە ناوەڕاســـتی تابلۆ فیگەری ســـەگێکی ڕەش بە بچوکی بە تەنیا دەبیندرێت، بە پێکهاتەی زبر و ســـوورانەوەی ڕەنگی خاکی و قاوەیی و زەرد و ئۆکەری دەورە دراوە. لە بەشـــی خوارەوە تابلۆکە ڕەنگی قاوەی و ســـپی دەبیندرێت کە هونەرمەند بە دانانی ڕەنگی خەســـت و فڵچەی خێراو بەهێز کاری کردووە. وەک بڵێی پاشماوە بەکارهاتووەکانی مرۆڤ بێت.

**- سەرچاوە هزرییەکان:** هونەرمەند لە ئەزموونە زیندووەکان و زەبر و زەنگی مێژوویی گەلی کورد کەڵک وەردەگرێت و یادەوەریەکان دەکاتە بابەتی بینراوی نێو تابلۆکانی، دەتوانین بڵێین ســـوود لە هزریی بوونگەرایی وەردەگرێت بە تێکەڵکردنی هەستی کەسی لەگەڵ مێژووی کولتووری، بابەتی دەروونی دروســـت دەکات کە ڕەنگدانەوەی شـــوێنەواری ئاوارەبوون و ســـڕینەوە و شـــوناس دەگەیەنێت، ئیلهام لە نەریتە کوردییەکان وەردەگرێت، بە کەڵک وەرگرتن لە هێما میتافۆڕەکان.

**- کەرەســتە و شــێواز:** هونەرمەند ڕەنگی ئەکریلیکی لەســەر کانڤاس بەکارهێناوە، تەکنیکی ڕەنگی خەست و چین لەسەر چین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی بابەت بە ڕووکاری تابلۆکە، لەوانە دەربڕینی هەســـتەکانی، جوڵەی هەمەکی و فڵچەی خێرا کە ئەمانە دوو کاریان بۆ هونەمەند دەســـتەبەر کردووە: یەکەم وەک فۆرم دەرکەوتوون، دووەم وەک پێکهاتە بەشـــێکی ســـەرەکی تابلۆکەیان پێکهێناوە، کە ڕەنگدانەوەیە بۆ پیســـی ژینگە و گێژاوی ناوەوەی بابەتەکە. وە لە ڕووی شـــێوازی هونەریەوە دەتوانین لە خانەی ئەبســـتراکتی دەربڕینخوازی دا پۆلێنی بکەین، چونکە مەزاج و دەنگدانەوە هەســـتییەکان لە پێشـــینەی ڕیالیزمدان، ڕووکار دەبێتە بەشـداریکی چالاک لە گێڕانەوەکەدا.

**- هێمای میتافۆڕەکان:** هونەرمەند قەرەنی جەمیل هێما میتافۆرەکانی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانی، وەک بوونەوەری ســـەگی میتافۆڕکردووە بە مانای تەنیایی و بێ ســـەرپەرشـــت، کە لە جێگای تاکی ســـەرکوتکراو و لەبیرکراو بەبێ ڕێنمایی و ســـەرگەردان دێت، لە هەمان کاتدا ســـەگ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێت هێمای خۆڕاگری و یاخیبوون بێت، هەروەها ڕێگا هێمایەکی دووبارەیە لە تابلۆکانی هونەرمەند، بە مانای گەشتێکە بەرەو داهاتوویەکی نادیار، هەروەها جۆرێکە لە هیواو بەرەنگاری بابەتی سەپێندراو، یان بە مانای ون بوون دێت، زۆر هاوشێوەی چارەنووسی گەلی کوردە هەمیشە بزێوە، لەگەڵ ئەوەشدا نادیارە، هەروەها هێمای دیمەنی دەشتی ووشک میتافۆڕێکە هێندەی مەبەستی فەزای دەروونیە، هێندە مەبەستی پیشاندانی فەزای جوگرافی نیە، وشک و توند و بێ دەنگ، ڕەنگدانەوەی دۆخی ناوەوەی بوونی گەلی کوردە شکاو، ماند و بێ کەس. ئەو فۆرمە ئەبستراکتانەی خوارەوە کە لە شوێنەوارە شیبووەکان دەچن، هێمایە بۆ پاشماوەی شارستانیەت، کە مانای زۆر هەڵدەگرن وەک میراتی ونبوو و کۆمەڵکوژی و مێژووی لەبیرکراو.

- **گوتاری ڕاگەیەنەر:** هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) لەم تابلۆیەیدا لە چەند لایەنێکەوە دەدوێ، لە ڕووکەشدا، زەوییەکی وێرانە و شوێنەواری ژیانی تێدانیە، لە ژێر ئەویشدا گێڕانەوەیەکە قسە لەسەر ناسنامەی کوردی و دەربەدەری و یادەوەریی مێژوویی و بەرخۆدان دەکات، نەبوونی فیگەری مرۆڤ خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە کە خەڵکەکە یان نەماون یان سڕاونەتەوە(ئەنفال) کراون، لەلایەکی ترەوە هونەرمەند لە ڕێگەی خۆی لە وێناکردنی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرێت، بەکارهێنانی ئەو هێمایانە پەیامەکەی خێراترکردووە. بە گشتی هونەرمەند لەم تابلۆیە هەستێکی ئاسوودەییمان پێنابەخشێ، بەڵام کەشێک بۆ بیرکردنەوە و یادکردنەوە دروست دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣.٦.٤ نموونەی سێهەم:

<table>
<tr><td>نموونەی (٣)</td><td rowspan="7"></td></tr>
<tr><td>ناوی هونەرمەند: قەرەنی جەمیل</td></tr>
<tr><td>ناونیشانی تابلۆ: ئارکیۆلۆژیای کات و شوێن</td></tr>
<tr><td>قەبارە: ١٣٠X٢٠٠سم</td></tr>
<tr><td>کەرەستە: ڕەنگی ئەرکیرلیك لەسەر کانڤاس</td></tr>
<tr><td>ساڵی دورستکردن: ٢٠١٢</td></tr>
<tr><td>شوێنی تابلۆ: خاوەنداریەتی هونەرمەند</td></tr>
</table>

**- وەسفی تابلۆ** : تابلۆکە لە باری ئاسۆیی دروستکراوە دیمەنێکی بەهێز و دینامیکی پیشان دەدات. لە لای چەپی تابلۆکە، فیگەری ئاسکێکی کیوێ شاخدار دەبیندرێت بە زۆر سەری پاڵدەنێتە ناو زەوی. جەستەی بە ڕەنگی قورس و تۆخ وەک ڕەش و قاوەیی ڕەنگ کراوە، بە فڵچەی دیار و زبر. لە قۆچ و سەری ئاژەڵەکەوە پانتایەکی و شەپۆڵێکی زەبەلاح و سووڕاوەی ڕەنگی سپی دەبیندرێت و ناوەڕاست و لای ڕاستی تابلۆکە پڕ دەکات. شێوە سپییەکان لە ڕژانی ئاو، دوکەڵ دەچن. لە دەوری قاچی ئاژەڵەکەدا، حەوز یان بازنەی قوڵ هەیە کە بە ڕەنگی سپی ڕەنگ کراون، جووڵە دروست دەکەن. باکگراوندەکەی زیاتر قاوەیی تۆخە و هەندێک ناوچەی سووری قووڵ و ڕەشی تێدایە، ئەمەش وایکردووە ڕەنگی سپی زیاتر دەربکەوێت.

**- سەرچاوە هزرییەکان** : ئەم بەرهەمە سوود لە سروشت و ئەفسانە و دەربڕینی ئەبستراکت وەردەگرێت. ئاژەڵە کێویەکە و پانتایی ڕەنگی سپی ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکانە سەبارەت بە کات و مێژوو و هێزە شاراوەکان هەر لە ڕێگای ناونیشانی ئەم زنجیرە تابلۆیەی هونەرمەند (قەرەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەمیل) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تابلۆکە بریتییە لە هەڵکەندنی چینە قووڵەکانی یادەوەری و بوون وەک ئەوەی شوێنەوارناسێک چینە کۆنەکانی ژێر زەوی ئاشکرا دەکات.
دەکرێ هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) ئیلهامیشـــی لە بیرەوەری کولتووری کورد وەرگرتبێت، کە تیایدا ئاســک کێوی و ئاژەڵە بەهێزەکانی دیکە هێمای خۆڕاگری و ڕەگداکوتان و خەباتن. لە هەمان کـاتـدا، فلْچە لێـدانەکـانی ئەبســـتراکـت و وزەبەخش لە ژێر کـاریگەری بزووتنەوە هونەرییە مۆدێرنەکاندا دەبن کە سەرنجیان لەسەر هەست و جووڵەی هونەرمەندە.

**- کەرەســـتەو شـــیواز:** تابلۆکە بە ڕەنگی ئەکیرلیک لەســـەر کانڤاس دروســـتکراوە، شـــێوازەکە تێکەڵەیەک لە ئەبستراکتی دەربڕینخوازی و سیمبولیزم . ئاژەڵەکە ڕەنگ کراوە بەڵام بەبێ وردەکاری ورد، لە کاتێکدا پانتایی ڕەنگی ســـپی بە تەواوی ئەبســـتراکتە، هونەرمەند کۆنتراســـتی بەهێز بەکـاردەهێنێـت نـاوچەی تـاریـک و قورس لە بەرامبەر پـانتـایەکی گەورەی ڕووناک و وزەبەخش، ئەمەش گرژیەك دروست دەکات.

**- هێمای میتافۆرەکان:** هونەرمەند بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانی هێما میتاإۆرەکانی بەکارهێناوە وەك: ئاســکی کێوی میتۆفۆرکراوە وەک هێمای هێز و یادەوەری و قورســایی مێژووی، هەروەها پانتایی ڕەنگی سـپی دەکرێ پێشـنیاری کات، وزە، ڕۆح، یان ڕاسـتییە شـاراوەکان بکات بۆ ڕووناکی. بازنەی ســپی لەســەر زەوی دەتوانرێت وەک چینەکانی کات، دەروازە، یان ئەو شــوێنەوارانەی کە بەهۆی جوڵە بەجێماوە سـەیر بکرێت، هەروەها پاشـخانێکی تاريك دەکرێ هێمای قووڵی مێژوو، ئازار، یان یادەوەرییە کۆنەکان بێت کە لە ژێر زەویدا نێژراون.

**- گوتـاری ڕاگەیەنەر:** ئەم تـابلۆیە چیرۆکێـک دەگێڕێتەوە دەربـارەی هەڵکەنـدنی ڕابردوو بۆ دۆزینەوەی زانیـاری شـــاراوە پێدەچێـت ئـاژەڵەکە لە قووڵایی زەویدا بگەڕێـت و بەم کـارەش، پەلەکردنێکی وزە و یادەوەری ئازاد دەکات. تابڵۆکە باس لە هێزی یادەوەری دەکات لە  ســنووری یادەوەری کەســـی دەردەچێت و تێکەڵی یادەوەری کولتووری و مێژوویی دەبێت لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن کات و شـوێن چیرۆکەکان لە خۆ دەگرن. هێزی سـروشـتی لەگەڵ هونەری ئەبسـتراکت تێکەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات بۆ ئەوەی پیشـان بدات کە مێژوو تەنها چینە بێدەنگەکان نییە، جیاوازتر شـتێکی زیندوو و وزەبەخشە و بە قووڵی پەیوەستە بە شوناسەوە.

### ٤.٦.٤ نموونەی چوارەم:

<table>
<tr><td rowspan="8"></td><td>نموونەی (٤)</td></tr>
<tr><td>نـاوی هونەرمەنـد: قەرەنی جەمیل</td></tr>
<tr><td>ناونیشـــانی تابلۆ: ئینســانی وەهمی وەهمی شارستانیەت</td></tr>
<tr><td>قەبارە: ١٦٠X١٤٠سم</td></tr>
<tr><td>کەرەستە: ڕەنگی ئەرکیرلیك لەسەر کانڤاس</td></tr>
<tr><td>ساڵی دورستکردن: ٢٠١٦</td></tr>
<tr><td>شـوێنی تابلۆ: خاوەنداریەتی باهۆز مصطفی</td></tr>
<tr><td></td></tr>
</table>

**- وەسـفی تابلۆ:** هونەرمەند تابلۆکەی لە باری ئاسـۆی نیمچە چوارگۆشـە دروسـتکردووە، فیگەری پیاوێک دەبینین دانیشـتووە پێیەکانی لە ناو چاڵێکە، کەلە سـەرێکی ئێسـکی بە دەسـتی ڕاسـتی گرتووە وە دەستی چەپی لەسەر چەناگەی داناوە، بە تێڕامانێکەوە سەیری دەکات، زەوییە خاکی و درزاوییەکەی بێ کۆتایی درێژ دەبێتەوە و فیگەرەکە لە نێویدا دەردەکەوێت، فیگەری پیاوەکە وەک بەشێک لە زەوییەکە تێکەڵکراوە، بە تۆنەکانی قاوەیی و ئۆکەری و خۆڵەمێشی تا دەگاتە شینی کاڵ ڕوپۆش کراوە، وە لە نـاوەڕاســتی تـابلۆکە دوو پـانتـای بە ڕەنگی قاوەی و ڕەش دەبینـدرێـت لە چینەکانی زەوی دەچێت، لە بەشـــی لای چەپی خوارەوەی تابڵۆکە چەند تاشـــە بەردێک دیارە لە شێوەی گۆڕ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**- سەرچاوە هزرییەکان:** هونەرمەند لەم تابلۆیە بەدواداچوون بۆ بیرۆکە ڕەخنەییەکان دەکات سەبارەت بە جیهانی مۆدێرن و مرۆڤ بوون لەمڕۆدا مانای چییە، هونەرمەند پیشانمان دەدات کە چۆن زۆرجار مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا ون دەبن یان سەریان لێ دەشێوێ، ئێمە پێمان وایە بەرەو پێشەوە دەڕۆین و پێشکەوتووتر دەبین، بەڵام هەندێک جار هەست دەکەین لە ڕاستیدا چەندان شتی گرنگ لەدەست دەدەین کە پەیوەندیمان بە یەکترەوە، بە زەویەوە، یان تەنانەت بە خۆمانەوە نامێنێت، هونەرمەند پیشانمان دەدات کە چۆن مرۆڤی مۆدێرن لەوانەیە لە وەهمێکدا بژی، ڕەنگە لەبڕی پێشکەوتن، وێرانکاری و تەنیایی و لەبیرکردنی ڕابردوو ببینین، هونەرمەند ئەو بیرۆکانە بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی پەیامێکی بەهێز سەبارەت بە دۆخی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ. بەکورتی تابلۆکە پشت بە عەقڵێکی ڕەخنەیی و فەلسەفی دەبەستێت کە شارستانیەتی مۆدێرن دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**- کەرەستە و شێواز:** هونەرمەند بە ڕەنگی ئەکریلیك لە سەر کانڤاس کاری کردووە، ڕەنگەکانی بە خەستی دانەوە، بەڵام وەك ئامادەکاری سەرەتا لە ژێر ئەو ڕەنگانە بە کەرەستەی جیاواز تابلۆکەی ڕووپۆش کردووە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە هونەرمەند مەبەستی بووە زبر بێت و لە ئاستی ڕووی تابلۆکە بەرز بێتەوە، ئەو کاتەی هونەرمەند شتێکی لە توخمیی زەوی یان گڵ و خاشاکی کۆکراوە دروستکردووە، وە ڕەنگەکانی بە بوێری بەکارهێناوە، لە ڕێگای تەکنیکی فڵچەی خێراو پرژاندن و دانانی ڕەنگ چین لەسەر چین، ئەو تابلۆیە دەکرێ بە شێوازی واقیعی دەربڕینخوازی پۆلین بکەین، شێوازێکە هەست و سۆز لە پێشینەی ڕیالیزم دادەنێت، چونکە هونەمەند لاسای شێوەی تەواو و وێنەی دەقاو دەقی نەکردووە. تەنها پێکهاتە و ڕەنگ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هەست بە بیرۆکەکانی بگەیەنێت.

**- هێمای میتافۆڕەکان:** هونەرمەند لە ڕێگای هێما میتافۆڕەکانەوە دەمانگەیەنێتە سنوورەکانی تێگەیشتن و تێکەڵی کارە هونەریەکەی خۆی دەکا و بینەر دەکاتە بەشێك لە تابلۆکەی، هێمای پیاو لەم تابلۆیە میتافۆرکراوە بە مانای مرۆڤێکی بێهیوا، لە دوای بەڵێنێکی شکستخواردووی شارستانیەتدا ون بووە، هەروەها ڕەنگە شایەتحاڵی بێ پەیمانی مێژوو بێت، یان تەنانەت بە مانای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خودی مێژووش بێت، وە کەلەسەری ئێسک وەک هێمای مردن میتافۆڕکراوە، یان بیرەوەری باوباپیران، یان شکستهێنان لە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە ژیانێکی مۆدێرنیشدا و بیرکردنەوەی قەڵی ئەو پیاوە بەرامبەر ئەو کەلەسەرە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێ کە ڕەنگە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە و خۆی ئەو جارە ببێتە ئەو کەلە سەرە و لە داهاتوو کەسێکی تر لە جێگای ئەو بێت، هەروەها زەوی درزاوی و ڕەنگە چیندارەکان وەک هێمای کات و شەق بوونی زەوی میتافۆرکراوە مەبەستی تەنها پیشاندانی دەشتێک و زەویەکی ڕووت نیە جیا لەوە هونەرمەند لە ڕێگایانەوە کلتورێکمان بیر دێنێتەوە کە خەریکە ووشک دەبێت.

**- گوتاری ڕاگەیەنەر:** ئەم تابلۆیەی هونەرمەند تەنها بابەتێکی ئاسایی نیە و هەوڵیدابێ توانا هونەرییەکانی پیشانبدات، بەڵکو گوتارێک ڕادەگەیەنێ کە باسی مێژووی ڕابردووە و بادەوەری زەبرو زەنگ، لەگەڵ تابلۆکە ڕووبەڕووی دۆخێکی ناجێگیری دەبینەوە کە هێماکانی ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی ماڵێکی جێگیر، ناسنامە، یان کلتوور، کەلە سەر وەک نێوەندگیرێکی بینراو کاردەکات، ڕابردوو بە ئێستا دەبەستێتەوە، بینراو بە لەبیرکراوەوە، هونەرمەند ڕەنگ و فۆرم و هێماسازی تێکەڵ دەکات بۆ تێڕامانێکی ڕەخنەیی لەسەر شکستەکانی شارستانیەت.

## ٥- ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوە:

### ١.٥- ئەنجام:

١- هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) لە تابلۆکانیدا هێمای میتافۆڕی دەوڵەمەند و جۆراوجۆری بەکارهێناوە وەک هێماکانی یادەوەری شار و میرات و بەرخۆدان و ناسنامەی کولتووری کە لە لایەک ئەزموونی کەسی و لە لایەکی تر یادەوەری بەکۆمەڵی کوردەواری نیشان دەدات.
٢- ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەرخست کە ئەم هێمایانە بە قووڵی پەیوەست بوون بە مێژوو و ژیانی ڕۆژانەی کوردەوە، هەروەها هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی داهێنەرانە پرسیارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ دەربڕینی هونەری بەهێز کە دەنگدانەوەیان لەگەڵ بینەراندا هەیە لە دەرەوەی نوێنەرایەتی وشەیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣- ئەو هێما میتافۆڕانە جیاوازتر لەوەی وەک ئامرازێکی ڕازانەوەکار بکەن میتۆدێکن بۆ یادکردنەوەی کولتووری یارمەتی پاراستن و گەیاندنی شوناسی کولتووری کوردە لە ڕێگەی هونەرەوە، هاوتەریب لەگەڵ تیۆرییە فەلسەفییەکان کە میتافۆر وەک پردێک لە نێوان هەستی تاکەکەسی و هۆشیاری بەکۆمەڵدا دەبینن.

## ٢.٥- دەرئەنجام:

1. هێما میتافۆڕەکان ئامرازێکی بەهێزە لە هونەری قەرەنی جەمیل، ڕێگەی پێدەدات بیرۆکە ئەبستراکت و ئاڵۆزەکانی وەک شوناس، خەبات، دەربەدەری و هیوا بگۆڕێت بۆ دەربڕینی بینراوی بەهێز، ئەم میتافۆڕانە بۆ ڕازاندنەوە بەکارناهێنرێن جیاوازتر هەڵگری مانای قووڵن کە لە لایەک ئەزموونی کەسی و لە لایەکی تر ئەزموونی بەکۆمەڵی کورد ڕەنگ دەدەنەوە.

٢. ئەم توێژینەوەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هونەری کوردی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما میتافۆڕەکانەوە دەوڵەمەندە، لە ڕووی فیکرییەوە بەنرخە، تابلۆکانی قەرەنی جەمیل ئەوەمان بۆ دەردەخات کە میتافۆڕ تەنیا توخمێکی جوانیناسی نییە جیا لەوە میتۆدێکی ماناداره بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێك کە شایەنی سەرنجی زیاترە.

---

# - سەرچاوەکان:

## - فەرهەنگەکان:

metaphor. *cambridge dictionary.* 2024. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/metaphor (accessed 10 4, 2024).

—. *oxford learner's Dictionary.* 2024. https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/metaphor (accessed 10 4, 2024).

## - سەرچاوە کوردییەکان:

ئانتوون ڤان دێن برامبوش، هزراندنی هونەر، وەرگێڕانی نەبەز سەمەد، هیوا فاوندەیشن، سلێمانی، ٢٠١٨.

زەکەریا ئیبراهیم، فەلسەفەی هونەر لە فکری هاوچەرخدا، وەرگێرانی دلێر میرزا، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١٣.
ئەفلاتوون. کۆمار.وەرگێران محەمەد کەمال. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
محەمەدی مەحوی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨
محەمەد هاشم، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند محەمەد هاشم ، نیشتەجێی هەولێر، کاتژمێر (١٠:٢٦)ی بەیانی، ڕۆژی یەک شەمە، ٢٠٢٥/٥/١١.
ئارسەر شۆپنهاوەر. هونەری هەرمان. ١. وەرگێڕان: مەحمود هۆمەر باوزی. هەولێر: ناوەندی فێربوون, ٢٠٢١.
سەروەر سەعدوڵلا ساڵەح. "چەمکە میتافۆرپییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی دا." گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجی, ٢٠٢٤.
رامیار مەحمود. هونەری شێوەکاری نوێ. دەزگای ئادیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. سلێمانی، ٢٠١٧.
گارا. هونەری شێوەکاری مۆدێرن. دەزگای ئاراس. هەولێر،٢٠٠٥.
سوزی هۆچ، مێژووی هونەری شێوەکاری، وەرگێڕان هەڵگورد ئەحمەد، غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٧.
پەرویز مەرزبان. پوختەی مێژووی هونەر. وەرگێڕانی ستار کەریم. دەزگای سەردەم. سلێمانی، ٢٠١٩.
زمناکۆ ئەکرەم. پەتاتە خۆرەکانی ڤان کۆخ. گۆڤاری شێوەکاری: دەزگای مێرگ. هەولێر، ٢٠٠٦.
فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا لە کۆنەوە تا پەنجاکان، دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠٠٦.
بەختیار سەعید، دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، زنجیرە(٢٩٢)، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٤.
دارا محەمەد علی، ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێت، گۆڤاری شێوەکاری ژمارە ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
قەرەنی جەمیل، قەرەنی جەمیل بە قەلەمی خۆی، گۆڤاری رۆڤار، ژمارە ٧٠، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.
عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی- ئەفسانە، ویژینبوکس، ٢٠١٦. https://books.vejin.net/fa /
توانا یحیی مرجان، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند تونا یحیی، نیشتەجێی هەلێر، کاتژمێر (٤:٣٤)ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٢٥/٥/١٢.

جەمال حەمەدەمین، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند جەماڵ حەمەدەمین، نیشتەجێی هەولێر، کاتژمێر (٧:٢٢)ی ئێوارە، ڕۆژی شەممە، ٢٠٢٥/٥/١٠.

شوکر سەعید، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هونەرمەند شوکر سەعید، نیشتەجێی هەولێر، کاتژمێر (٩:١٠)ی شەو، رۆژی شەممە، ٢٠٢٥/٥/١٠.

## - سەرچاوە عەرەبیەکان:

أبن منظور، لسان العرب، ط٣، دار صادر، بيروت، ١٩٩٣.
محمد الفتوح، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ط٢ دار المعارف، مصر، 1986.
مراد وهبة واخرون، المعجم الفلسفي، دار الثقافة الجديدة، مطبعة أولاد أحمد، القاهرة، 1971.
مراد وهبة، المعجم الفلسفى (بالعربية والإنجليزية والفرنسية)، ط٥، دار قباء الحديثة، القاهرة، ٢٠٠٧.
عياض الدوري، دلالات اللون في الفن العربي الإسلامي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 2001.
هربت ريد، معنى الفن، تر، سامي خشبة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1986.
عبد العزيز عتيق، علم البيان، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت، 1985.
عد القاهر الجرجانى، دلائل الإعجاز، ط3، دار المدني، القاهرة ، 1992.
أرسطو طاليس، فن الشعر، تر، عبدالرحمان بدوي، دار الثقافة، بيروت، 1973.
واحط مراد، الخيال والاستعارة في فلسفة نيتشة، تحرير 4، مجلة الحكمة للدراسات الفلسفية، جامعة الجزائر، 2016.
جورج ليكوف.النظرية المعاصرة الاستعارة.ترجمة طارق النعمان.الإسكندرية. مكتبة الإسكندرية.2014.
محمود السيد شيخون. *الإستعارة نشاءتها وتطورها*. 2. مصر: دار الهداية، 1994.
توفيق الفائزي. *الاستعارة والنص الفلسفي*. 1. بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة، 2016.
الإله سليم. *بنيات عبد المشابهة في اللغة العربية, مقاربة معرفية*. 1. الدار البيضاء: دار توبقال للنشر، 2001
بول ريكور. *نظرية التأويل(الخطاب و فائض المعنى*. 1. ترجمة سعيد الغانمي. الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، 2003.
جورج لايكوف. حرب *الخليج أو الستعارات التي تقتل*. 1. ترجمة عبد المجيد جحفة، و عبد الإله سليم. الدار البيضاء: دار توقبال للنشر، 2005.
جورج لايكوف ومارك جونسون. *الاستعارات التي نحيا بها*. 2. ترجمة عبد المجيد جحفة. المغرب: دار توقبال للنشر، 2009.
محمود أمهز. الفن التشكيلي المعاصر 1870-1970. دار المثلث للتصميم والطباعة والنشر. بيروت ، 1981.
هيغل .الفن الرمزي.ط1 .ترجمة جورج طرابيي .بيروت: دار الطليعة الطباعة، 1987.
يوسف كرم .تاريخ الفلسفة اليونانية.ط2 .القاهرة: مطبعة لجنة التأليف الترجمة والنشر، 1946.
كارل غ يونغ .الإنسان ورموزه , سيكولوجيا العقل الباطن .ط1.ترجمة عبد الكريم ناصيف .دمشق: دار التكوين، 2012.
محسن محمد عطية .الفن وعالم الرمز.ط2.مصر: دار المعارف، 1996.
محمد الفتوح .الرمز والرمزية في الشعر المعاصر.ط1.مصر: دار المعارف، 1986.
محمد مندور، الأدب ومذاهبه.ط3.القاهرة: دار النهضة مصر للطباعة والنشر، 2006.
راضي حكيم .فلسفة الفن عند سوزان لانجر .ط1 .بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، 1986.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أحمد ديب شعبو .في نقد الفكر الاسطوري والرمزي(أساطير وفلكور الفكر الإنساني) .1 .طرابلس: المؤسسة الحديثة للكتاب، 2006.
أميرة حلمي مطر .الفلسفة اليونانية تاريخها و مشكلاتها.ط2 .القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، 1998.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

Rene Descartes. (1637). Discourse on the Method of Rightly Conducting One's Reason and Seeking Truth in the Sciences. Translated by John Veitch. New York: Dover Publications, 1996.
KITTAY, EVA FEDER. *Metaphor,Its Cognitive Force and Linguistic Structure.* 1. New york: Oxford, 1987.
petrenko, viktor f, and Evgeniya A Korotchenko. "Metaphor as a basic mechanism of art (painting)." *Psychology in Russia, State of the art*, 2012.
Rene Huyghe. Larousse Encyclopedia of Modern Art. paul hamlyn. London.1965.

**- ئینتەرنێت وماڵپەڕەکان:**

Gloria Lotha. Max Black. Encyclopaedia Britannica. Feb 16,2024.

**- گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

*Mark* Johnson .The Body in the mind, the bodily Basis of meaning, Imagination, and Reason. Journal of Aesthetics and Art Criticism. The University of Chicago press.4. 1987.
W.mohd Apandi, Wan Nurhasyimah, and Ishak Ramli. "Relativity of metaphorical Subject with Symbolic the Production of Visual Arts." (researchgate) (2022).
*Andrew Ortony. Metaphor and thought.2. Cambridge University Press. London, 1993.p7*
Morchid, Mehdi, and Youcef Hdouch. "The Treatment of metaphor in philosophy." *IOSR Journal of Humanities And Social Science(IOSR-JHSS)* 29, no.2024.
D, U, Ashurova and M, R, Galieva. Cognitive Mechanism of a Metaphor. Journal of Linguistic and Cognitive Studies. Academic Press, 2024.
Paul Ricoeur. The Rule of Metaphor. The Creation of Meaning in language. Psychology Press.2003.
Abrams, M H. *The mirror and the Lamp, Romantic theory and the Critical Tradition.* 1. London: Oxford University Press, 1953.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Metaphorical Symbols in the Paintings of the Artist Qarani Jamil

**Rawand Jaffar Othman**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: rawand.j.othman@gmail.com

**Dr. Twana Yahya Khudhur Marjan**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: twana.khudhur@su.edu.krd

## Abstract:
Metaphors are among the central concepts in the world of art, due to their significant role and influence. This research, entitled Metaphors in the Paintings of the Artist Qarani Jamil, investigates the philosophical, historical, and artistic dimensions of metaphor. The study covers the period from 1978 to 2016, focusing on the geographical context of Erbil Province and examining the use of symbols and metaphors in the paintings of Qarani Jamil. The study begins by defining the key concepts and terms—specifically,“symbol” and “metaphor" from the perspectives of language, philosophy, and artistic practice. In the third part, the research methodology is explained, where the researcher analyzes four of Qarani Jamil’s paintings using the analytical descriptive method to uncover the hidden meanings and messages within them. Finally, Section 4 presents the results and conclusions of the study.

***Keywords***: *Symbol, Metaphor, Painting, Artist*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الرموز الاستعارية في لوحات الفنان قرني جميل

**ملخص:**

تُعَدُّ الاستعاراتُ من المفاهيم المحورية في عالم الفن، لما لها من دورٍ وتأثيرٍ بالغَيْن. يتناول هذا البحثُ، بعنوان «الاستعارات في لوحات الفنان قرني جميل»، الأبعادَ الفلسفيةَ والتاريخيةَ والفنيةَ للاستعارة، ويغطّي الفترة من عام 1978 إلى عام 2016، مُركّزًا على السياق الجغرافي لمحافظة أربيل، ومُستكشفًا استخدام الرموز والاستعارات في لوحات قرني جميل. يبدأ البحثُ بتحديد المفاهيم والمصطلحات الرئيسة، وتحديدًا «الرَّمز» و«الاستعارة»، من منظور اللغة والفلسفة والممارسة الفنية. وفي الجزء الثالث، يُبَيِّنُ الباحثُ منهجيةَ البحث، حيث يُحلِّل أربع لوحات للفنان قرني جميل باستخدام المنهج الوصفي التحليلي لكشف المعاني والرسائل الكامنة فيها. وأخيرًا، يُقدّم القسم الرابع نتائجَ الدراسة واستنتاجاتها.